

## سەلاح محەمەد:

# پێش هەموو شتێک مەقام شێواز و شێوەی گوتنە.. یەکەم جاریش ڕاستەوخۆ شیعرەکەی (ئەوەل سەحەرە)م لە سێوە وەرگرت.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(٢ - ٥)**

* هونەرمەند سەلاح محەمەد ئیبراهیم کۆیی، کە لەناو خەڵکیدا بە سەلاح محەمەد ناسراوە، منداڵانی کوردیش بەهۆی کلیپەکانی بۆی کردوون بە مام عەولا دەیناسن و ئەو نازناوەی وەرگرتووە. ئەم هونەرمەندە گۆرانیبێژێکی ڕوحسووک و لەبەر دڵانە، لە هەر کۆڕ و مەجلیسێکدا ئامادە بێ، دەبێتە گوڵی ئەو دانیشتنە و بە دەنگە خۆشەکەی کە مۆرکی گۆرانی و مۆسیقای دەڤەری کۆیەی پێوەیە، یان بەهۆی گۆرانییە ڕەسەنەکانی، سەرنجی ئامادەبووان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. لەبەر ئەوەی زۆر دیوانی شاعیرە کۆن و نوێیەکانی خوێندووەتەوە، شیعری زۆر ناوازە و دەگمەن و دانسقە بۆ گۆرانییەکانی هەڵدەبژێرێ. لە پای ئەوەی زۆر گوێی لە ئاواز و میلۆدییە فۆلکلۆرییە ڕەسەنەکانی کوردستان بە گشتی و شاری کۆیە بە تایبەتی گرتووە، بۆیە قوڕگ و دەنگێکی ڕەسەنی هەیە و ئاوازی ڕەسەن نەبێ نایڵێ و بە قوڕگیدا تێناپەڕێ، وێڕای ئەوەش لە هەڵبژاردنی ئاواز و میلۆدییەکانیشی زۆر ورد و بە سەلیقەیە، ئەوەی لەگەڵ چڕین و قوڕگی ئەو نەگونجێ، خۆی لێ دوور دەخاتەوە.

* لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییەوە، زۆر منداڵ بووە کە بووەتە جێی سەرنجی مامۆستا و قوتابییەکانی پۆلی یەک و دوو و سێ، بۆیە لەو پۆلانەدا بەردەوام دەریان هێناوە و سروود و گۆرانییان پێ گوتووە و مامۆستایان: بیلال بەهائەددین و باکووری زۆر بایەخیان پێ داوە.

لەگەڵ دامەزراندنی تیپی مۆسیقای باواجی، لە ساڵی ١٩٥٧، م. باکووری بە دوایدا دەنێرێ تا بچێتە پاڵ تیپەکەیانەوە کە خۆی سەروکاری کردووە، هەر ئەوکاتەش کە تەمەنی لە (١٢) ساڵان تێنەپەڕیوە، بە (گۆرانیبێژ) وەری دەگرن، هەر لەو ساڵەوە لەگەڵ هونەرمەندە گەورەکانی وەک: (سێوە) و (باکووری) و (عەدنان جەمال)، لە هەموو بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و ئاهەنگەکاندا بەشدار بووە.

* تیپی باواجی کۆیە تا ساڵی ١٩٦٢- ١٩٦٣ لە چالاکییەکانی خۆی بەردەوام بووە، دوای ئەوە بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە شاری کۆیە شڵەقاوە و سیاسەتی ئاگر و ئاسن و کوشتوبڕیان لەگەڵ پەیرەو کردووە، لەو ساڵە بەدواوە چرای هونەر لە شارەکەدا دەکوژێتەوە، لە سەرینی ئەو ناسەقامگیرییەوە م. باکووری کۆیە بەجێ دەهێڵێ و ڕوودەکاتە شاری هەولێر، لەولاشەوە زاهیر محەمەد و مەلا ئەنوەر بۆ خوێندن لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، بەرەو بەغدا دەڕۆن، بەم جۆرە ئەندامانی تیپەکە پەرتەوازە دەبن، بەڵام ساڵی ١٩٧٠ کە تیپەکە دەبووژێتەوە و دەکەوێتەوە چالاکی نواندن، لە ساڵی ١٩٧٣، یەکەم گۆرانی لەگەڵ ئەو تیپە، بۆ ئێزگە و تەلەڤزیۆنی بەغدا تۆمار دەکات، ئەو گۆرانییەی بەناوی (بازان باز قەتار، قولینگان هەوایی) بوو، کە من لەبیرمە پێشوازییەکی زۆر باشی لێ کرا.

* هونەرمەند سەڵاح محەمەد لە ساڵی ١٩٧١، بۆ یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز لە شارۆچکەی گەڵاڵە، کە ئەوکاتە لە دەڤەری باڵەکایەتی لە بارەگای هێزی باڵەک بووە، لیژنەیەک بۆ ئەو یادە نەتەوەییە پێک دەهێنن، بەرپرسەکان بەبێ ئاگاداری خۆی، کردبوویانە یەکێک لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە، چونکە زانیبویانە هونەرمەندە و دەنگی خۆشە و گۆرانی و سروود دەزانێ، هەرچەندە



سەڵاح محەمەد- ئازاد عەبدولواحید

خۆی زوو هەستی کردووە نەبوونی تیپێکی مۆسیقا لەو ناوچەیەدا کەلێنێکی گەورەیە، بۆیە ئەو ساڵە بۆ ڕاییکردنی یادکردنەوەکە کۆرسێکی باش لە قوتابیانی پۆلی (٥) و (٦)ی سەرەتایی دروست دەکا، کە زۆربەیان کەسانی دەنگخۆش و بەهرەدار بوون، ئەو تیپە کە ناوی نەبووە، بە هەموو کەموکوڕییەکانییەوە توانیویەتی بەبێ مۆسیقا، لەبەردەم جەماوەرێکی زۆر، سەرکەوتووانە کارەکانی پێشکەش بکا، کە تا ئەمڕۆش هەندێ لە ئەندامانی ئەو تیپە و کۆرسەکەی ماون.

* ساڵی ١٩٧٢ کە وەزیفەکەی بۆ شاری کۆیە دەگوێزرێتەوە، بووەتە بەرپرسی تیپی مۆسیقای فۆلکلۆریی لاوان، کە سەر بە یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٧٦- ١٩٨٠ لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر تێهەڵدەچێتەوە، هەر لەو ساڵانەدا (٣) گۆرانی بەناوەکانی: (خەجێ، جوانیی کوێستان، درۆیە گەر بڵێم ئاگام لە خۆیە) تۆمار دەکات، ئەو گۆرانیانەش کە لە ئامادەکردنی هونەرمەند وریا ئەحمەد بوون، بە فراوانی لەناو خەڵکیدا بڵاو دەبنەوە و دەبنە وێردی سەرزاران. ساڵی ١٩٩١ گۆرانی (ئەوە هات، کە من هۆگر بە تۆ بووم) و سروودەکانی (لاوەکان، گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی، کە من هۆگر بە تۆ

بووم، وڵاتی من کوردستانە، مەقام و سروودی هەی لێ لێ وەی لۆلۆ)ی تۆمار کردووە، کە دوانیان هۆنراوەی خۆی و ئەوانی دی هۆنراوەی هێمن و عەونی و لالۆ ڕەنجدەر بوون، خۆشی ئاوازی بۆ داناون، هەر ئەوکاتە لەگەڵ تیپی باواجی بەشداری چەندان فیستیڤاڵی گۆرانی لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک-ی کردووە. ساڵی ١٩٨٠ دوو گۆرانی بە ناوەکانی (مانگەشەو) و (بەناز دێ) پێشکەش دەکا، یەکەمیان ئاوازی زاهیر محەمەد و دووەمیان ئاوازی فۆلکلۆر بوو، دوای ڕاپەڕین لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی بەناوی (وەرزی مەقام) بە سی دی CD هەشت تراک بڵاو دەکاتەوە.

* لە ساڵی ٢٠٠٠دا ڕوو دەکاتە خزمەتکردنی هونەری بێنازی منداڵانی کورد، بۆ ئەو مەبەستە تیپێک بەناوی (تیپی مۆسیقای سۆمای منداڵان) دادەمەزرێنێ، دوای ئەوەی هەست دەکا منداڵانی کورد هونەری تایبەت بە دنیای خۆیان زۆر کزە و پشتگوێ خراوە، هەر ئەو ساڵە یەکەم بەرهەمی بۆ منداڵان بەناوی (دێوەرە) تۆمار دەکات. ئەم هونەرمەندە تا ئەمڕۆ لە کارکردن بۆ منداڵە چاوگەشەکان بەردەوامە، نزیکەی (٢٠) کلیپی بۆیان بەرهەمهێناوە، ئەمڕۆ لە ڕێگەی ئەو بەرهەمانەیەوە، مام عەوڵا لەناو منداڵانی کورد لە سەرتاپای کوردستان بووەتە ناوێکی ناسراو و ئاشنا پێیان، تەنانەت گەورەکانیش گوێی لێ دەگرن و زۆر چێژ لە کار و بەرهەمەکانی دەبینن.

* مام عەوڵا وەک هونەرمەندێکی هۆشیار، بۆ ئێستا و ئایندە، هەستی بە دەوری گرنگی منداڵان کردووە، بۆیە نزیکەی چارەکە سەدەیەکە هەموو توانایی هونەریی خۆی بۆ منداڵان تەرخان کردووە، لەو سۆنگەیەوە بایەخێکی تایبەتی بە هونەرەکەیان داوە و کاتێکی زۆری بۆ داناون تا بە بەردەوامی منداڵە ئازیزەکانمان بەسەر بکاتەوە. ئەگەر گۆرانی بە گشتی، گۆرانی منداڵانیش بە تایبەتی، لە (٣) کۆڵەکەی گرنگ و سەرەکی پێکهاتبێ کە بریتین لە (شیعر، ئاواز، چڕین = گوتن)، ئەوە بەهۆی سەرکەوتنی ئەو (٣) ڕەگەزە، منداڵان ڕاستگۆیانە پێشوازییان لە هونەرەکەی مام عەوڵا کردووە، بۆیە خێرا گۆرانییەکانی لەبەر دەکەن و دەیڵێنەوە. هەر کاتێک هونەرمەندی بواری منداڵان ئاستی کارە هونەرییەکەی خۆی بە بەرزی ڕاگرت و وەک هونەرێکی پاک و باڵا هێشتییەوە، بێگومانین (٣) ڕەگەزە گرنگەکەی سەرکەوتنی کارەکەی بە جوانی بەجێ گەیاندووە، ئەوکاتە دەتوانێ هزر و بیر و هۆشیاریی منداڵان گەشە پێ بدات و کارێکی ئەوتۆ بکا منداڵان هونەرەکەیان خۆش بوێ، بۆیە ئەو منداڵانە لەگەڵ منداڵانی دی جیاوازتر و هۆشیار و چاوکراوەتر دەردەکەون.

* هونەرمەند سەڵاح محەمەد وەک کوردێکی خاوێنی خاوەن هەڵوێست، هەر لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوول، پشتگیری لە شۆڕش کردووە و لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٦٨ بووەتە ئەندامی پارتی و تا ئەمڕۆ لەو بیروباوەڕەی خۆی دانەبڕاوە، هەر لەو ساڵەدا پێوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کورستانەوە کردووە، دوای دەرچوونی بڕیاری گرتنی لەلایەن حکوومەتی ئەوکاتەوە، چووەتە شاخ، سەرەتا لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستاندا کاری کردووە، لە بارەگای هێزی باڵەک بووەتە نووسەر، تا لە ساڵی ١٩٧٢ لە نەخۆشخانەی چۆمان بە نووسەر دامەزراوە، دوایی بۆ شاری کۆیە گوێزراوەتەوە.

* ئەم هونەرمەندە بێجگە لە گۆرانی گوتن، حەزی لە کاری شانۆییش بووە، ساڵی ١٩٧١ کە ویستوویانە بەبۆنەی جەژنی نەورۆز لە

ئاهەنگەکەیاندا شانۆیی کاوەی ئاسنگەر پێشکەش بکەن، سەرەتا سەردار بێ بەخت ڕەواندزی ویستوویەتی شانۆییەکە دەربهێنێ، بەڵام ئەو و سەلاح محەمەد و ئەکتەر و بەشداربووەکانی شانۆییەکە، کە مامۆستا و قوتابی و کەسانی دانیشتووی شارۆچکەی گەلاڵە بوون، هیچ کامێکیان سەریان لە کاری شانۆیی و دەرهێنان دەرنەچووە، بۆیە لە سەرەتاوە هەستیان بە لاوازی و کەموکووڕییەکانی کارەکەیان کردووە، لە کاتی پرۆڤەکردندا لە قوتابخانەی سانەویی گەلاڵە، لە پڕ کەسێک خۆی بە هۆڵی قوتابخانەکەدا کردووە، کە سەیری پرۆڤەی شانۆیی کاوەی ئاسنگەری کردووە، پێیان دەڵێ ئەو کارەتان بۆ نمایش زۆر لاوازە، سەلاح محەمەدیش ڕاشکاوانە پێی دەڵێ کە هیچ لە دەرهێنانی شانۆیی نازانن. ئەو پێیان دەڵێ ئەگەر بۆتانی ڕێک بخەم و جوانی بکەم پێتان چۆنە؟ ئەو خۆشحاڵی خۆی بۆ پێشنیارەکەی دەردەبڕێ و بۆ ئەو دەستپێشخەرییەی سپاسی دەکا، تەنانەت داوای لێ دەکات خۆشی لە شانۆییەکەدا بەشدار بێ، بۆیە دوای دوو ڕۆژ ماندووبوون شانۆییەکەیان بۆ دەردەهێنێ و خۆشی دەوری کاوەی ئاسنگەری تێدا دەگێڕێ، لە تەک شانۆییەکەدا شیعرێکی کوردانەی پڕ جۆشوخرۆشیش دەخوێنێتەوە، سەردار بێ بەخت کە دەیویست دەری بهێنێ، دەوری (زوحاک)ی تێدا دەگێڕێ، بەم شێوەیە زۆر سەرکەوتووانە شانۆیی کاوەی ئاسنگەر نمایش دەکرێ، تەنانەت بینەران و ئامادەبووانی ئاهەنگەکە وا دەزانن ڕووداوەکان ڕاستین و لەپێش چاویان ڕوو دەدات، لەپاش ئەوەی ئەم هونەرمەندەمان بۆ ئەو گیانی لەخۆبوردوویی و هاوکاری کردنەی سپاسی دەکات، لێی دەپرسێ تۆ لەو ناوە چ کارەی؟ پێی دەڵێ من مامۆستام و لە گوندی (دێڵزێ)ی باڵەکایەتی دامەزراوم و ناوم (حەمەڕەشید هەرەس)ـە، ئێستا و ئێستاش سەلاح محەمەد مەراق لەوە دەخوا کە لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ چاوی بە چاوی ئەو هونەرمەندە نەکەوتووەتەوە، تەنیا لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە سەیری کارە جوانەکانی کردووە.

* دوا بەدوای ئەوەی ئەو ئەزموونە سەرەتاییە پێشکەش دەکەن، ساڵی ١٩٧٣، شانۆگەری بیری ئازاد- الفکر الحر، یەکەم جار لە کۆیە لەسەر شانۆ پێشکەش دەکەن، کە لەو شانۆگەرییەدا دەوری (باوک)ی بینیوە، دواتر لە تەلەڤزیۆنی بەغدا تۆمار کراوە، چەند جارێک لە تەلەڤزیۆنی کەرکوک پێشان دراوە، دواتر وەک گۆرانبێژ و ئەکتەر لە (٥) شانۆگەریدا لەگەڵ هونەرمەندان: ئەحمەد سالار و ئەرسەلان دەروێش و هیوا سوعاد و ژیلوان تاهیر بەشداری کردووە، لەوانە (ئەوانەت تونی بابا چوون) و (گەمەی شار و پاشای گەمە) و (دەفرێ و نافرێ) و (شاری ئەوین) و (شەوچەرە)دا دەوری هەبووە، کە (٤) دانەیان لە نووسینی ئەحمەد سالار و دانەیەکیان لە نووسینی تەڵعەت سامان بووە، یەکەم و پێنجەمیان دەرهێنانی ئەرسەلان دەروێش و ئەوانی دی هەر دەرهێنەرێک دانەیەکیانی دەرهێناوە، کە وەک ئەکتەر و گۆرانیبێژ بەشداری لەو شانۆگەریانەدا کردووە.

* جارێکی دی لە ساڵی ١٩٧٤ بە خێزانەوە پێوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە و لە بەتاڵیۆنی چواری دەشتی هەولێر کە بەرپرسەکەی (سمکۆ عەلی) بووە، بووەتە برینپێچ، هاوسەرەکەشی کە لە گوندەکانی دەشتی کۆیە یاوەری بووە، لە هەموو ڕۆژە سەخت و ناخۆشەکانی ژیانی، لەگەڵی بەشدار بووە و ناخۆشییەکانی لەگەڵ بەش کردووە. لەپاش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە شارەکەی کۆیە و وەک کوردێکی پاک و دڵسۆزی کوردستانەکەی، نە لە نزیک و نە لە دوور لە ڕژێم

نزیک نەبووەتەوە و هاوکاری نەکردووە، تا ڕۆژی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کە خۆی و کوڕە گەورەکەی لە ڕزگارکردنی کوردستاندا بەشدارییان کردووە.

* هونەرمەند سەڵاح محەمەد کە شارەکەی خۆی زۆر خۆش دەوێ، توند بە ژینگە و دەوروبەرەکەیەوە نووساوە، بۆیە زۆر لە خەمی ئەوەدا بووە مەقام و بەستە و گۆرانییەکانی کۆیە ببووژێنێتەوە، بە تایبەتیش ئەو گۆرانیانەی کەمتر گوتراون و لایان لێ دەکرێتەوە، یان هێشتا تۆمار نەکراون. زۆر مەبەستی بووە شێوازی گوتنی مەولوودی پێغەمبەر کە هۆنراوەکەی پەخشانە و هی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەیە، بایەخی زۆرتری پێ بدرێ، چونکە شێوازەکەی زۆر هونەرییە و تاموچێژێکی تایبەتی هەیە. لەسەر (کەبار)یش وەستاوە، کە بەیانیان پێش بانگدان، بە زمانی شیرینی کوردی و بە مەقامێکی تایبەتی گوتراوە، هەروەها مەقام و گۆرانی پێکەوە گوتووە، بە تایبەتی ئەگەر پێنج خشتەکی بووبێ، (٣) دێڕی یەکەم بە مەقام، (٢) دێڕەکەی دیکەشی بە گۆرانی گوتراوە، ئەو ڕای وایە ئەو جۆرە گوتنە لە دەڤەری کۆیە زۆر باوە، لە هەمان کاتیشدا بەیتی یەکەمی شیعرەکە بە مەقام و بەیتی دووەمیشی بە گۆرانی گوتراوە.

* ئەم هونەرمەندە توانیویەتی بە باشی ئەرکە مێژوویی و نەتەوەییەکەی سەر شانی جێبەجێ بکات، بۆیە لە ڕێگەی دوو تیپەوە (سۆما) و (مام عەوڵا)ی تایبەت بە منداڵان، پەیامە هونەرییەکەی خۆی بگەیەنێ، چونکە زانیویەتی کوردیش وەک هەر نەتەوەیەک لە زۆر بواردا خاوەنی کەلەپووری تایبەت بە خۆیەتی و یەکێکە لەو میللەتانەی فۆلکلۆر و کەلەپوورێکی ڕەسەن و دەوڵەمەندی هەیە، بە تایبەتیش لە بواری هونەری گۆرانیدا، لەناو ئەو هونەرەشدا، هونەرێکی دەوڵەمەندی منداڵانی هەیە، بۆیە ئامانجی گەورەی ئەوە بووە منداڵانی کورد بەو هونەرە ڕەسەنە گۆش بکرێن تا گوێچکەیان بەو میلۆدیانە پڕ بکرێ کە لە باوک و باپیران و دایک و داپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە.

* پێویستە منداڵانی کورد لەلایەن لێزان و پسپۆڕانەوە لەسەر ئەو ئاوازانە، هەروەها لەسەر شایی و هەڵپەرکێ تایبەتەکان بە کورد، ڕابهێنرێن و مەشقیان پێ بکرێ، بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێننەوە و لەبیر نەکرێن و نەفەوتێن، یان هەوڵی داوە لەپاڵ هونەری منداڵانەوە یارییە ڕەسەنەکانی کوردەواری زیندوو بکرێنەوە، کە بەلامەوە بایەخدان بەو بوارانە، گەیاندنی ئەرکێکی لەپێشینەیە، بەشێکی گرنگە لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی کورد، ئەوە هاندانی منداڵانە بۆ برەودان بە هۆشیاری نەتەوەیی و جۆشدانی هەستی کوردایەتی، کە لەلای ئەو هونەرمەندە پاراستنی کەلەپوور و فۆلکلۆری میللەتەکەی بە بەشێکی گرنگی ئەو ئەرکە زانیوە بۆ هێشتنەوە و ڕزگارکردنی لە فەوتان و لەناوچوون، کە سنگ بە سنگ و نەوە دوای نەوە ئەو ئاواز و هەڵپەرکێ و یارییە فۆلکلۆریانەیان بۆ پاراستووین و تا ئەمڕۆیان هێناوە.

* کورد کە زۆر گۆرانیی فۆلکلۆری تایبەت بە منداڵانی خۆی هەیە، هونەرمەند سەڵاح محەمەد چەند دانە گۆرانییەکی لەوانە زیندووکردووەتەوە و سەرکەوتنیشی تێدا بە دەست هێناوە لەوانە: (دێوەرە، شەموله - بووکە بەبارانێ، ئەللول بەللول، کۆڵێ کۆڵێ، ئاغا ناردی لۆ مەڕەکی) و چەندانی دیکە، کە لە گۆرانی فۆلکلۆریی منداڵاندا یاری تایبەتیان لەگەڵ دەکرێ. لەلای ئەو هونەرمەندە پێناسەی هونەری سەرکەوتووی منداڵان ئەو هونەرەیە کە منداڵان دەورووژێنێ، تا هەست بکا ئەو گۆرانییە تایبەتە بە ئەو و بۆ ئەو گوتراوە، هەروەک دەبێ لە کاتی گوتنی

گۆرانییەکەدا منداڵان بخاتە هەڵەکە سەما و هەڵپەڕین، تا ئەو ڕادەیە بیخاتە جۆشوخرۆش کە سنوورەکانی شەرم بشکێنێ و لەگەڵ یەکەم گوێگرتن لە گۆرانییەکە، فێری گوتنەوەی بێ و وشەکانی شیعری گۆرانییەکە بە باشی بڵێتەوە.

* منداڵان چاو لە گەورەکان دەکەن، کورد دەڵێ: (گەورە ئاو دەڕێژێ، بچووک پێی لێ دەخشێنێ)، منداڵان لە گەورەکانەوە فێر دەبن و لێیان وەردەگرن، ئەگەر پەروەردەیەکی باش و زانستیانە بکرێن، داهاتوویەکی گەش چاوەڕێیانە و بۆ کۆمەڵەکەیان کەسانی بەکەڵکیان لێ دەردەچێ کە بۆ وڵات و گەلەکەیان خێر بدەنەوە. بایەخدان بە هونەری منداڵان ئاسۆی بیریان فراوان دەکا و کارێکی وا دەکا کە لە هەموو بوارێکی ژیاندا مێشکیان گەورە بێ، بۆیە ئەوانەی لە بواری هونەری منداڵاندا کار دەکەن، دەبێ شارەزاییان لە شێوەی ئاراستە کردن و پەروەردەی منداڵاندا هەبێ، زۆر هۆشیارانە دەقی تایبەت بە منداڵان هەڵبژێرن، شارەزاییان لە هونەر و ئاوازی تایبەت بە منداڵان هەبێ، کە لەپێش هەر شتێکەوە دەبێ ئەو ئاوازە تایبەتە، سووکەڵە و ڕەوان بێ و منداڵ بە ئاسانی و زوو وەری بگرێ، بە تایبەتی دەبێ ڕیتمێکی خێرای هەبێ. نابێ ئەوەش لەبیر بکرێ کە هەڵبژاردنی دەقی شیعر بۆ ئاوازێکی منداڵان، دەبێ ئەویش پەروەردەیی و ئاسان بێ بۆ وەرگرتن، تا منداڵان زوو وەری بگرن و کاریان تێبکا، هەر بەهۆی بوونی ئەو خەسڵەتانەیە دەبینین منداڵان گۆرانییەکانی مام عەوڵا زۆر بە شەوق و تاسەوە گوێ دەدەنێ، بۆیە لە دڵی منداڵاندا جێگەی خۆیان کردووەتەوە و چەسپیون.

* منداڵان بە شێوەیەکی گشتی حەز لە ڕەنگی بریقەدار (براق) دەکەن، بە تایبەتی ڕەنگە گەرمەکانی وەک سوور و زەرد و سەوز کە ئەو ڕەنگانە لەلایان لەپێش ڕەنگەکانی دیکەوە دێن. یەکێکی دی لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی گۆرانییەکانی مام عەوڵا بۆ منداڵان ئەوەیە کە لە جلوبەرگەکانی ناو کلیپەکانی بۆ منداڵان ئامادەی کردوون، بایەخی بە ڕەنگیش داوە و زۆر بە باشی ئەوەی بەرجەستە کردووە، سەرەڕای بوونی ڕەنگی زەقی جلوبەرگەکانی ناو کلیپەکان، لای لە جلوبەرگی فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردەواریش کردووەتەوە، کە ئەوە لەلای خۆیەوە زۆر سەرنجی منداڵان ڕادەکێشێ، ئەم گرنگی پێدانەش بۆ ئەوەیە منداڵان جلوبەرگی ڕەسەنی کوردەواری باوک و باپیران و دایک و داپیرانی خۆی خۆش بوێ تا لە ئاهەنگ و گەشت و سەیران و بۆنە و کارە هونەرییەکاندا بیپۆشن، جلوبەرگی کوردییان نیشان بدرێ و پتر لەلایان خۆشەویست بکرێ کە ئەو جلوبەرگانە بۆ کچان و کوڕانی کورد لێوەشاوەیە و زۆر جوان لێیان دێ، دەیەوێ بەو هۆیەوە هان بدرێن کە هەمیشە لەبەری بکەن و شانازی پێوە بکەن.

* ئەم هونەرمەندە کە مێژوویەکی شکۆمەندانە و درەوشاوەی جوانی بۆ خۆی تۆمار کردووە و لەلاپەڕە زێڕینەکانی هونەری گۆرانی کوردی و هونەری منداڵانی کورد بۆی نووسراوەتەوە، چەندان بەرهەمی ئامادەکراوی بۆ گەورە و منداڵانی کورد ئامادە کردووە و جارێ تۆمار نەکراون، هۆیەکەشی ئەوەیە کە بەپێی پێویست لای لێ نەکراوەتەوە و پشتگیری دارایی تەواو نەکراوە تاکوو ساڵانە کارەکانی خۆی پێشکەش بە هەوادارانی بکات. ئێمە لە گۆڤاری (ڕامان)دا لەمێژ بوو حەزمان دەکرد لە هەڤپەیڤینێکی بەرفراواندا بەسەری بکەینەوە، ئەوە ئەو دەرفەتەمان بۆ ڕەخسا بیدوێنین، هیواداریـن ئەوەی لە هەگبەکەیدا بووە هێنابێتمانە دەرێ.

**ڕامان:** ئەوانە بۆچی پێیان دەگوتن کۆمەڵە؟

**سەلاح محەمەد:** سەرەتا ناوەکەیان وابوو، دوایی خۆیان ڕێک خست و ناوی پێشمەرگەیان لە خۆیان نا، ئەوجا ناوی پارتی هاتە گۆڕێ، ساڵی ١٩٦١ بە ناوی کۆمەڵە ناویان ڕۆیشتبوو، من بۆ خۆم لە چنارۆک ئەوانەم بینی، دەیانگوت ئەوانە کۆمەڵەن، چەکیان هەڵگرتبوو. ئەوە لە ساڵی ١٩٦١، مانگی ئەیلوول دەستی پێ کرد، دوایی ناوەکەیان گۆڕا، لە ساڵی ١٩٦٣ بە دواوە، پارتی و پێشمەرگە و ئەو ناوانەی دی پەیدا بوون، ئێمەش ئەو ناوانەمان بیست، کە سەرەتا ئەو ناوانەمان نەبیستبوو.

**ڕامان:** تۆ لە سەرەتایی دەرچووی، ئەوکاتە شەشی سەرەتایی بەکەلۆریا بوو، لە تاقیکردنەوەی بەکەلۆریا چۆن بووی؟

**سەلاح محەمەد:** بەڕاستی ئەوەی لە تاقیکردنەوەی بەکەلۆری شەشی سەرەتایی دەرچووبا گاڵتە نەبوو، من بەختم نەبوو، لە پاش شەشی سەرەتاییەوە زۆر شوێن هەبوو بۆیان بچم، پێم عەیب بوو بچمە کشتوکاڵی بەکرەجۆ بخوێنم، دەمگوت کێ دەچێتە کشتوکاڵ و پیشەسازی، کشتوکاڵ چییە، بۆیە چوومە ناوەندی، لە ناوەندی خوێندمان، دەنا کە لە شەشی سەرەتایی دەرچووم حەزم لە هونەرە جوانەکان بوو، کە لە ساڵی ١٩٥٨ دەرچووم، گوتیان پەیمانگەی هونەرە جوانەکان تا ئێستا قوتابی دەرچووی شەشی سەرەتایی وەردەگرت، ئیدی لەو ساڵەوە ئەوە نەما.

**ڕامان:** وابزانم ئەو کاتە پەیمانگە تەنیا لە بەغدا هەبوو؟

**سەلاح محەمەد:** تەنیا لە بەغدا هەبوو، گوتیان وەرگرتن بووەتە پاش دەرچوون لە سێی ناوەندی.

**ڕامان:** ئەوە بۆ تۆ ڕووداوێکی زۆر ناخۆش بووە.

**سەلاح محەمەد:** بەختی من نەما، دەبوو دوای تەواوکردنی سێی ناوەندی بچم، ئیدی وایان لێ کرد.

**ڕامان:** تۆ کە ویستت داواکاری پێشکەشی ئەوێ بکەی وای لێ هات، بۆیە چوویتە ناوەندی؟

**سەلاح محەمەد:** چوومە ناوەندی.

**ڕامان:** ناوەندییەکەتان ناوی چ بوو؟

**سەلاح محەمەد:** ناوەندیی کۆیە، دواناوەندی نەبوو، دوایی کە ئێمە چووین، دواناوەندی پەیدا بوو.

**ڕامان:** ئەو ناوەندییە کێ بەڕێوەبەری بوو؟

**سەلاح محەمەد:** عەبدولڕەحمان سەید عەلی و سدیق عەبدولقادر بوون، ئەوانە بەڕێوەبەر بوون، ئەوندەی ئێمە لەوێ بووین، ئەوانە بوون، چونکە لە ساڵی ١٩٦٣ و دواتر بارودۆخەکە تێک چوو، منیش لە ساڵی ١٩٦٣ـەوە وازم لە قوتابخانە هێنا.

**ڕامان:** تۆ تا چەندی ناوەندیت خوێند؟

**سەلاح محەمەد:** تا سێی ناوەندیم خوێند.

**ڕامان:** لە ناوەندی دەرچووی، یان هەر لە سێی ناوەندی چەقیت؟

**سەلاح محەمەد:** لە سێی ناوەندی بووم کە وازم هێنا.

**ڕامان:** سێی ناوەندییەکەت تەواو نەکرد؟

**سەلاح محەمەد:** تەواوم نەکرد، لە نیوەی ساڵ وازم لە قوتابخانە هێنا.

**ڕامان:** پێش ئەوەی بچینە سەر وردەکاری خوێندنی ناوەندی، ئەوانەی مامۆستای هونەر بوون، بێجگە لە م. بیلال بەهائەددین، کێی دیکە دەرسی هونەری پێت گوتووە؟

**سەلاح محەمەد:** لە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی باسمان کردن، هەر ئەوانە بوون، ئەوجا تیپی

باواجـی دامـەزرا.

**ڕامان:** ئەو تیپە ساڵی چەند دامەزرا؟

**سـەلاح محەمـەد:** سـاڵی ١٩٥٨، وەک ئـاگادارم دوای شۆڕشـی چواردەی تەمموز دامـەزرا، زیاتـر م. باکـووری خەریکـی ئـەو تیپـە بـوو، پێشـتر نازانـم ئـەو تیپـە هەبووبێ، یـان نەبووبێ، بـەڵام م. باکـووری چالاکیـی تیپەکـەی زیـاد کـرد، زۆر ئاهەنگـی جەمـاوەری دەکـرا، گۆرانـی دەگوتـرا، مۆسـیقاژەنەکانی تیپەکـە م. باکـووری، زاهیـری بـرام، ئیبراهیـم فەرەجوڵـلا، سـەردار ئەحمـەد، ئەکرەم باقـی بـوون، ئەوانـە هەموویـان لـەو تیپـەدا ئیشـیان دەکـرد، کوڕێـک هەبـوو نـاوی عەونـی بـوو، باوکـی لـە کۆیـە مفـەوەزی پۆلیـس بـوو، ئیقاعـی لـێ دەدا، خەڵکـی هەولێـر بـوو.

**ڕامان:** ناوی باوکی چ بوو؟

**سەلاح محەمەد:** عەونی عەلی.

**ڕامان:** کێی دیکـە بـوون کـە لـەو تیپـەدا کاریان کردووە؟

**سـەلاح محەمـەد:** هـەر ئەوانـە بـوون، ئیتـر تیپێک لەوانە پێک هات، ئێمـەش وەک گۆرانیبێـژ لەگەڵیـان بووین، بەتایبەتـی مـن و عەدنـان جەمـال لـەو تیپـەدا بووینـە گۆرانیبێـژ، (م. باکووری)ش لـە ئاهەنگـەکان گۆرانـی دەگـوت، م. بیـلال ئەفەندیـش جاربەجـار گۆرانـی دەگـوت.

**ڕامان:** کێ سەرۆکی تیپەکە بوو؟

**سـەلاح محەمەد:** ئەوکاتـی هەمووی بە سەرپەرشـتیی م. باکووری بوو.

**ڕامان:** م. باکووری، مامۆستای هەمووان بوو.

**سـەلاح محەمـەد:** بەڵـێ، لەبیرمـە ڕۆژانـە، بەتایبەتـی هاوینـان دەیگـوت وەرنـەوە قوتابخانـە، لـە قوتابخانـەی زانسـت هەمووانی کـۆ دەکردەوە، ئـەو تیپـەی کـە باسـم کـرد، لـەوێ لـە ژوورێـک کـۆ دەبووینـەوە و م. باکـووری فێـری هەندێـک گۆرانـی



چنارۆک، ١٩٧٧، وەستاوەکان لـە ڕاستەوە: وریـا قـادر، جـەلال عەزیـز زەینـەل، قاسـم ئەحمـەد، وریـا ئەحمـەد.
دانیشـتووەکان لـە ڕاسـتەوە: سـەردار ئەحمـەد، ئەنـوەر تاهیـر، سـەلاح محەمـەد، غـازی هەولێـری، جـان تۆمـاس.

دەکردیـن، مـن و عەدنـان جەمـال گۆرانیمـان دەگـوت، ئەوانیـش بـە مۆسـیقا بەشـدار دەبـوون.

**ڕامـان:** گوتـت (م. بیـلال بەهائەددین)یش گۆرانـی گوتووە؟

**سـەلاح محەمـەد:** گۆرانـی دەگـوت، دەنگـی خـۆش بـوو، ئەوەنـدەی خـۆم دیومـە، گۆرانـی گوتـووە.

**ڕامـان:** ئەوەیـان بـۆ مـن نوێیـە، وەک شـێوەکار و ئاوازدانـەر دەیناسـم، بـەڵام وەک دەنگخـۆش و گۆرانیبێـژ بەوەیانـم نەزانیبـوو.

**سـەلاح محەمـەد:** بەڵـێ، جاربەجـار گۆرانیشـی دەگـوت.

**ڕامان:** گۆرانییەکانیت لەبیرە چ بوون؟

**سـەلاح محەمـەد:** گۆرانییەکـی دانـا ئاوازەکـەی هـی خـۆی بـوو، وابزانـم شـیعرەکە هـی م. کەریـم شـارەزایە کـە بـە سـەرپێی شـیعرەکەی بـۆ دانـا، شـیعرەکە دەڵـێ:

**ئیستیعمار ئیستیعمار ئیستیعمار**
**ئیستیعمار ئیستیعمار**
**هۆ داگیرکەر ئیستیعمار**
**هۆ ئینگلیز ئیستیعمار**
**هۆ ئەمریکا ئیستیعمار**

**ئیستیعمار**

**سەلاح محەمەد:** ئەو بەرانبەر بەو جەماوەرە ئەو سروودەی دەگوت، ئەوەی دەیڵێم لە ساڵانی ١٩٥٨ تا ساڵی ١٩٦٠ بوو.

**ڕامان:** ئەوە لە قۆناغی هەڵکشانی شیوعیەت بوو لە عێراق، ماوەی ساڵانی هاتنی عەبدولکەریم قاسم بوو.

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، ئەو سروودانەی دەگوت، تازە شۆڕشی چواردەی تەممووز بەرپا بووبوو، ڕووداوێکی نوێ بوو، خەڵکەکە هەمووی خرۆشابوون و هەڵدەستان، بەتایبەتی ئەوە لە کۆیە زۆر بوو.

**ڕامان:** کە تیپی باواجی دروست بوو، تۆش یەکسەر بوویتە بەشێک لەو تیپە و لە چالاکییەکانی بەشدار بووی؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، م. باکووری بەدوایدا ناردم.

**ڕامان:** چۆن (م. باکووری)ت ناسی؟

**سەلاح محەمەد:** م. بیلال بەهائەددین پێی گوتبوو، کە بینیمی گوتی تۆ دەنگت خۆشە؟ گوتم بەڵێ. گوتی دەتەوێ چ بڵێی و چی دەزانی؟ گوتم هەمووی دەزانم. گوتی گۆرانیی (شاری کۆیە) دەزانی؟ شاری کۆیە شیعری م. کەریم شارەزا، ئاوازەکەی هی م. باکووری بوو. گوتم بەڵێ دەیزانم. گوتی کوا، دە بۆمی بڵێ. من لەوانی دی چینە دەنگم بەرزتر بوو، گوتی کوا من لەو چینە دەنگە گۆرانی دەڵێم؟ ئەوە زۆر خۆشی دەڵێ، زۆر باشی دەڵێ، دەی وەرن کۆ ببنەوە، با یەکسەر بە مۆسیقاوە بیڵێ، ئێمە مۆسیقا لێ دەدەین، تۆ دەیڵێی، دوایی کۆرسیش هەبوو، ئەوەشم بەبیر هاتەوە، یەکێک لە کۆرسەکان مستەفا بەکر بوو کە ئێستاش ماوە.

**ڕامان:** پێم خۆشە ڕۆژێک سەرێکی لێ بدەین، لە شەشی سەرەتایی، لە قوتابخانەی خەبات وانەی مێژووی پێ دەگوتینەوە، دوایی قسە لە بارەی سەردانەکەی دەکەین.

**سەلاح محەمەد:** تەها خورشید بەگ، جەمال خدر، مەلا ئەنوەر، ئەوانە کۆرس بوون، مەلا ئەنوەر مامۆستا بوو، مرد، ئەکرەم ئێستاش ماوە، ئەویش مامۆستا بوو، ئەکرەم نازانم چییان پێ دەگوت، ئەوانە هەموو لەگەڵمان کۆرس بوون، من دەمگوت، کە تەواو دەبووم، ئەوانیش بە هەمان شێوە دەیانگێڕایەوە.

**ڕامان:** بێجگە لەوەی بە گۆرانی دەستت پی کردووە، م. باکووری هەوڵی نەدا خولی فێربوونی مۆسیقاتان بۆ بکاتەوە؟

**سەلاح محەمەد:** نەخێر، ئەو دەمە کردنەوەی خول نەبوو، پێشتر هەبوو، ئەو لە ناوەندی دەرسی دەگوتەوە، ئەوکاتی من تازە لە شەشی سەرەتاییەوە بۆ ناوەندی دەرچووبووم، بۆ هیچ خولێک نەچووبووم، یەکەم ساڵم بوو، هەر ئەو ساڵی بوو گوتی ئێمە لە کۆیە بە پارە ئاهەنگێک بۆ خەڵکی شاری کۆیە دەگێڕین، گوتیشی بە پارەکە هەندێک ئامێری مۆسیقا و کەلوپەلی پێ دەکڕین، ئێستاش لەبیرمە ئاهەنگێکمان لە قوتابخانەی زانست ساز کرد، بلیت بە چل فلس بوو.

**ڕامان:** ئەوە ساڵی چەند بوو؟

**سەلاح محەمەد:** ساڵی ١٩٥٩، یان ١٩٦٠ بوو، ئەوەم بە تەواوی لەبیر نەماوە، من لەوێ گۆرانی (شاری کۆیە)م گوت، سێوە بە مەقامەکانی خۆی لەگەڵمان بەشدار بوو.

**ڕامان:** تۆش لەوێ وەک گۆرانیبێژ دەرکەوتی؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، من گۆرانیم گوت، ئەوانیش کۆرس بوون و بۆ منیان دەگێڕایەوە.

**ڕامان:** لە ساڵی ١٩٥٩وە تۆ لەگەڵ سێوە

گۆرانیت گوتووە؟

**سەڵاح محەمەد:** بەڵێ، لە کۆیە و لە ڕانیە لەگەڵ سێوە گۆرانیم گوتووە.

**ڕامان:** ئەی هونەرمەندی گۆرانیبێژی دی، لەگەڵ کێی دیکە گۆرانیت گوتووە؟

**سەڵاح محەمەد:** م. باکووری بۆ خۆی، هەروەها (عەدنان جەمال)یش بوو.

**ڕامان:** لەگەڵ ئەو هونەرمەندانە گۆرانیت دەست پێ کردووە؟

**سەڵاح محەمەد:** بەڵێ.

**ڕامان:** ساڵی ١٩٥٧ لە سلێمانی لافاو هەستا، خەڵکێکی زۆری ئەوێ لێی قەومابوو، لەڕێی ئاهەنگی هونەرییەوە پارەیان بۆ لێقەوماوەکان کۆ دەکردەوە، تیپی مەولەوی هاتە کۆیە، تۆ لەو ئاهەنگە بەشدار بووی؟

**سەڵاح محەمەد:** نا، بەشدار نەبووم، من لە ساڵی ١٩٥٧ بەشدار نەبووم، تیپی مەولەوی هات، تازە دەهات من بناسن، بەشداری ئاهەنگەکەیان نەبووم.

**ڕامان:** وەک بەشداربوون لەگەڵیان بەشدار نەبووی، بەڵام وەک گوێگر لە ئاهەنگەکەیان ئامادەبووی و دانیشتووی؟

**سەڵاح محەمەد:** بەڵێ، لەبیرمە لە ئاهەنگەکەدا شانۆگەریش پێشکەش کرا.

**ڕامان:** نازانی ناوی شانۆگەرییەکە چی بوو؟

**سەڵاح محەمەد:** نایەتەوە یادم، ئێستاش لەبیرمە کە ڕەفیق چالاک لەسەر شانۆ دەیگوت کامیل، کامیل لاوە بێدەنگەکە! ئەوەندەم لەبیر ماوە، دیار بوو قوتابییەک کە لە بەغدا لە کۆلێژ دەیخوێند، گەڕابووەوە سلێمانی و لە لافاوەکەدا خنکابوو، ناوی کامیل بوو.

**حەزم لە دەنگی سێوە بوو، زۆر لاساییم دەکردەوە، بەڵام لە دەنگی ئەو نزیک نەبوومەوە.**

**ڕامان:** ڕەفیق چالاک سەروکاری بەشی شانۆگەرییەکەی کردووە، بەشی مۆسیقا و گۆرانییەکان کێ سەرپەرشتی دەکرد؟

**سەڵاح محەمەد:** قادر دیلان، ویلیەم یۆحەننا، حاتەم سەعید، نەجات عەبدە بوون، ئاهەنگەکەیان بە هاوبەشی لەگەڵ تیپی باواجی کرد، م. باکووری لەگەڵیان بەشدار بوو، بۆ زاهیری برام و ئەوان نازانم، چونکە تازە پێڕادەگەیشتن، بەڵام م. باکووری لەگەڵیان بەشداری کرد.

**ڕامان:** وەک تیپ تێکەڵ بوون، پێکەوە ئیشیان کرد؟

**سەڵاح محەمەد:** نەخێر، تێکەڵ نەبوون، دوایی لە ساڵی ١٩٦١ جارێکی دی ئاهەنگیان لە کۆیە ساز کرد، ئەم جارەیان ئاهەنگەکە بە تێکەڵاویی هەردوو تیپی مەولەوی و باواجی بوو.

**ڕامان:** ئێستا با قۆناغی ناوەندییەکە تەواو بکەین، تۆ باسی مامۆستاکانت کرد، زۆربەیانت باس کرد، مامۆستای هونەرتان لە ناوەندی نەگۆڕا؟

**سەڵاح محەمەد:** هەر لە بنەڕەتەوە مامۆستای هونەرمان نەبوو، زیاتر لە سەرەتایی مامۆستای هونەرمان هەبوو، نەک لە ناوەندی.

**ڕامان:** ئەی مامۆستایەک کە بۆخۆی زەوقی هونەریی هەبووبێت و بۆ هونەر هانتانی دابێ، کەسێکی وا نەبوو؟

**سەڵاح محەمەد:** من لە ساڵی ١٩٥٩ چوومە ناوەندی، م. باکووری لەوێ بوو، ئەو چالاکی هەبوو، ئاهەنگی دەکرد، بەڵام دوای ساڵی ١٩٦١ کە شۆڕش دەستی پێ کرد و وردە وردە بارودۆخ خراپ بوو، م. باکووری خۆی بۆ هەولێر گوێزرایەوە، ئیتر هونەر لە کۆیە خامۆش

بوو.

**ڕامان:** ئەی تیپی باواجی چیی لێ هات؟

**سەلاح محەمەد:** تیپەکەش هەموو ئەندامەکانی پەرتەوازە بوون، زاهیری برام هەوڵی داو چووە بەغدا، لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان وەرگیرا، (مەلا ئەنوەر)یش لەوێ وەرگیرا، کەریم حەمەد هەبوو، وێنەکێش بوو، ئەویش لە پەیمانگە وەرگیرا.

**ڕامان:** کەریم حەمەد لە هەولێر، بەرانبەر ئۆرۆزدیباکی جاران دووکانی وێنەکێشانی هەبوو.

**سەلاح محەمەد:** دوای ئەوە، ئیتر ترس و تۆقاندنەکەی بەعسیش دەستی پێ کرد.

**ڕامان:** بەڵێ، ئەوە زیاتر لە ساڵی ١٩٦٣ بوو.

**سەلاح محەمەد:** پێش ئەویش هەر ترس و تۆقاندن هەبوو، ئەوە بوو هاتن کۆیەیان داگیر کرد.

**ڕامان:** بەڵام ئەوەی تەها شەکەرچی بەرانبەر کۆیە کردی، ئەوە زۆر خوێناوی و دڕندانە بوو.

**سەلاح محەمەد:** لەو ساڵەوە ئیتر هونەر کەوتە بن دەستیان و پشتگوێ خرا، تا ساڵی ١٩٧٠، کەس هونەری لەبیر نەما، لەو ماوەیەدا ئێمە هەر لە دەربەدەریدا بووین، سەرباز بووم و ساڵێک چوومە سلێمانی، ماڵی کاکم لەوێ بوو.

**ڕامان:** کاکت، کامەیانە؟

**سەلاح محەمەد:** (کاک ئیبراهیم)م، کە ئێستاش ماوە، بە داخەوە ئیفلیجە و لە جێگە کەوتووە، دوایی من بەسەردا بوومە سەرباز. ئاخر با لێرە باسی سەربازییەکەشم بکەم.

**ڕامان:** باشە ئێوە خەریک نەبوو ببنە پێشمەرگە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، ویستمان ببینە پێشمەرگە، زۆر حەزم لە کوردایەتی بوو، چونکە ماڵی ئێمە



**هەولێر، ساڵی ٢٠٠٤، لە ڕاستەوە: سەلاح محەمەد، جەلال خدر، محەمەد قەدری، د. جەلیل ئازید.**

لە سەرەتاوە لەسەر کوردایەتی وێران بوو، وازم لە قوتابخانە هێنا و لە هەموو شتێک بووم و نەمخوێند. لە ساڵی ١٩٦٦ ویستم ببمە پێشمەرگە، من و ئەمیری عەبدە خرە، لەگەڵ خالیدی ئەبووبەکری قەساب، ئێستاش وابزانم ماوە، گوتمان دەچینە لای دێوە، ئەودەم لە دەشتی کۆیە بوو، وتوویژ هەبوو، لەناو شار گوتی ئەگەر دەبنە پێشمەرگە، وەرنە لای من، دێوە لەلای دوکتۆر خالید سەعید سەرپەل بوو.

**ڕامان:** ناوی تەواوی دێوە بڵێ.

**سەلاح محەمەد:** ناوی عوسمان بوو، نازانم باوکی ناوی چییە، نازناوەکەی دێوە بوو، گوتی ئەگەر دەبنە پێشمەرگە بۆ نایەنە لای ئێمە؟ گوتمان دێینە لاتان. گوتی وەرنە لای ئێمە، لەبەر ئەوەی حکوومەت لە هەندرێن هێرشێکی کردووە ، نەبوو ئەو ساڵە شەڕی هەندرێن بوو، شەڕی هەندرێن چ ساڵێک بوو؟

**ڕامان:** ئەو شەڕە لە ساڵی ١٩٦٦ بوو.

**سەلاح محەمەد:** کەواتە لە ١٩٦٦ بوو ویستمان ببینە پێشمەرگە، هەستاین بچینە ئەوێ، تازەش لە ناوەوە شەڕی ناوخۆ پەیدا بووبوو، زۆر نەبوو دووبەرەکی جەلالی و مەلایی پەیدا بووبوو،

ئەوەبوو چووینە ماڵی دوکتۆر خالید، ئەو دێوەیەمان لەگەڵ هات، ماڵی دوکتۆر خالید لە قازیلان بوو، کاغەزێکی داینێ.

**ڕامان:** ئەوکاتە کە لەگەڵ شۆڕش بوو، پلەکەی چ بوو؟

**سەلاح محەمەد:** ئامیر بەتالیۆن، یان سەرلق بوو، بە تەواوی نازانم دوکتۆر خالید چ بوو، دوکتۆر خالید سەرەتا مەلاییەک بوو وێنەی نەبوو، پارتییەک بوو شتی وا نەبوو، ئەو کاغەزێکی داینێ، ئەو سێیەمان ویستمان بچین بۆ هەندرێن، گوتی نابێ بەوێدا بچن و کاغەزتان پێ بێ، حکومەت دەتانگرێ و دەتانکوژێ، دەبێ بە پێیان بچن، بە پێیان ڕۆیشتین، چووینە جەلی، لە (جەلی)یەوە چووینە سکتان، لە سکتان (مەلای قالە دزەیی)مان دی، مەلای قالە دزەیی خەڵکی کۆیەیە، پێشمەرگە بوو.

**ڕامان:** هەر ناوەکەی ئەوها بوو؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، ناوی مەلای قالە دزەیی بوو، لە کۆیە لە خوار جەمعییە باغچە و شتی وایان هەبوو، باغچەوانی دەکرد، نییەتی خۆمان بۆ باس کرد. سەرەتا گوتی ئەو کوڕە کێیە؟ ئەوجا گوتی ئێوە شێت بوون، هار بوون، ئەوە کورد تێک بەربووە، جەلالی و مەلایی شەڕیانە. لەلای سلێمانی تازە شەڕ دەستی پێ کردبوو، گوتی ئەو نووسراوەتان پێیە، لە ڕێگا بتانبینن، کێ دەڵێ ناتانکوژن، هەر لەوێ دەتانکوژن، گوتی کوڕە بڕۆن، خوا لە ئێوەی شێواندووە، بڕۆنەوە، گوتی پێشمەرگەی چی، ئەوە خەڵک هەمووی هەڵات، هەمووی دەڕوات، کەس پێشمەرگایەتی ناکات، بشچن دەبێ براکوژی بکەن، بڕۆنەوە باشترە.

**ڕامان:** بەو قسانە لە چوونە شاخ و بوونە پێشمەرگە پەشیمانی کردنەوە؟

**سەلاح محەمەد:** بە قسەکانی زۆر پەشیمانی کردینەوە، ڕووی کردە من و گوتی زۆر عەیبە بۆ تۆ. گوتم من براکوژی ناکەم، بێم و بچم خەریکی براکوژی بم، دوایی گوتم قسەیتی، بڕۆ با بڕۆین. ئێمە بە ناشارەزایی دەڕۆیین، مل دەدەینە ڕێگە، لێرە بڕۆ چیوە، لەوێ بچۆ دەرەشیر و لە چیا و نشێو سەر بکەوە و لەوێ بمانگرن ئەو نووسراوەمان پێیە، ئێمە چوزانین ئەمانە کێن، لەو گۆڕەی بشمانکوژن.

**ڕامان:** ئیتر نەچووی و لە بوونە پێشمەرگە پەشیمان بوونەوە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، گوتم من ناڕۆم، ئەوە من دەگەڕێمەوە، دوای من ئەوانیش پەشیمان بوونەوە، ئیدی پێکەوە هاتینەوە، لە کۆیە بووین دۆخەکە زۆر نالەبار بوو، باوکم گوتی کوڕم مادام وایە بڕۆ ببە سەرباز. گوتم ئەوە دەچم دەبمە سەرباز، ڕاست چوومە سەربازی، کە خۆم کردە سەرباز، چوومە ڕومادی، پێشمەرگایەتییەکەم نەکرد و بۆ سەربازی چوومە ڕومادی.

**ڕامان:** دوو ساڵ سەربازیت لە دوو جێیان، لە ڕومادی و حەبانیە کردووە، ئەوجا سەرگوزشتەیەک، ڕووداوێک لەکاتی سەربازییەکەت ڕووی دابێ بۆمانی بگێڕەوە.

**سەلاح محەمەد:** لە سەربازی بووین، لە هەولێرەوە کە چوومە ئەوێ، گوتیان بڕۆ لیژنەی پزیشکی، چوومە لیژنەی پزیشکی، لە لیژنەکە گوتم من ئەو دەستەم سەقەتە، لەوێ عەبد جاسم واستەیەکی بۆ کردم و بوومە غەیر موسەلەح و چووینە ڕومادی، لە ڕومادی بۆ حەبانیە گوێزراینەوە، لە حەبانیە گوێزرامەوە بۆ «فصیل شغل»، ئیشەکە ناخۆش بوو، لە جێیەکی ناخۆش ئیشیان پێ دەکردین، دوایی من بۆ «مستودع حوانيت الفرقة الثالثة»

گوێزرامەوە.

**ڕامان:** ئیشە قورسەکەتان چی بوو؟

**سەلاح محەمەد:** لەوێ ئیشی کۆگا- موستەودەع قورس بوو، فەردە شەکریان پێ هەڵدەگرتین، وەرە و بڕۆ، لەوێ کۆگای گشتی هەبوو، هەموو مانگی جارێک دەچووین، ئۆتۆمبێلێکیان دابووینێ، دەبووایە ئەو کەلوپەلانە بۆ کۆگای حەبانیە بهێنین، عەنباریان پێ بار دەکردین، دۆخەکەمان زۆر ناخۆش بوو.

**ڕامان:** ئەو ئیشە قورسە تا کەی بەردەوام بوو؟

**سەلاح محەمەد:** تا ڕۆژێکی لە قەڵەم ئیشیان هەبوو و چووینە ئەوێ، منیش چوومە قەڵەم، جێگری ئەفسەرێکی لێ بوو گوتی خوێندەواریت هەیە؟ ئەوان کاتبیان نەبوو، نوقسانییان هەبوو. گوتم لە پۆلی سێی ناوەندی بووم. گوتی کوا دە وەرە، ئەو دەمەش خەتم زۆر خۆش بوو، چەند ڕستەیەکم نووسی. گوتی زۆر باشە، من وا دەکەم بێیتە لای ئێمە و لە قەڵەم ئیش بکەی.

**ڕامان:** بەڵێنەکەی بردە سەر؟ چونکە لەو شوێنانە قسەی زۆر دەکرێ و کەس بە کەس نییە.

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، بە ئامیرەکەمانی گوتبوو، ئەوە خەتی زۆر خۆشە و لە سێی ناوەندی بووە و زانیاری باشی هەیە، ئێمەش ئیشمان پێیەتی، بۆ نەیەتە لای ئێمە ئیش بکات؟ ئەویش پێی گوتبوو بڕۆ بۆمی بانگ بکە. چووم تەحیەکم بۆ کرد. گوتی ها کوڕم، تۆ پێشتر چ بووی؟ گوتم قوتابی بووم. گوتی لە پۆلی چەند بووی؟ گوتم سێی ناوەندی، قەڵەمێکی کەسکی جوان لە بەردەمی بوو، گوتی وەرە بنووسە، بەڵام تۆ لەلامان ڕەسمی نیت، کە ئیشمان پێت بوو ئیشت پێ دەکەین و دەبێ ئیش بکەی. گوتم قەی ناکا، لەوێ پشوویەکم دا، ئیشی قەڵەمم دەکرد، جاربەجار ئیشیان پێ دەکردم، دەیانگوت بڕۆ لە کۆگا ئەو بارە بار بکە، ناچار بووم ئەگەر قورسیش بوایە بیکەم.

**ڕامان:** دیارە خوێندەوارییەکەت بە کەڵکت هاتووە کە تا سێی ناوەندیت خوێندووە، ئاخر ئاستی سێی ئەو زەمانە زۆر باش بوو، دەستوخەتیشت خۆش بووە، سوودت لەوەش وەرگرتووە.. ئەی سوودت لە دەنگخۆشییەکەت وەرنەگرت؟

**سەلاح محەمەد:** هەوڵم بۆ ئەوەش دا، شەوان پاسەوانیم نەبوو، هەر لەو ناوە هۆدەیەکیان دابوومێ، چونکە من سەڵت بووم، لەگەڵ نایب عەریفێک ناوی هەمزە بوو، خەڵکی شەننافیە بوو، بە یەکەوە ژوورێکیان دابووینێ، پێکەوە دەخەوتین، ئیدی هەرچی برادەری کوردم هەبوو دەهاتنە لام، بەتایبەتی کۆییەکان، ژوورەکەشمان لاتەریک بوو، ئەگەر دەرفەت هەبووایە، دانیشتن و خواردنەوەمان هەبوو، ئیتر شەوانە گۆرانیمان دەگوت، خەڵکەکە و بەشی زۆری برادەران دەیانگوت تۆ دەنگت گەلێک خۆشە.

**کە م. باکووری کۆیەی بەجێ هێشت و بەرەو هەولێر ڕۆیی، ئیدی هونەر لە کۆیە خامۆش بوو.**

**ڕامان:** ئەوانەی لەوێ کۆدەبوونەوە هەمووی کورد بوون؟

**سەلاح محەمەد:** هەموومان کورد بووین، خەڵکی هەولێر، کەرکووک، سلێمانی-مان لەگەڵ بوو.

**ڕامان:** لەناو ئەو ژیانە قورس و نالەبارە، کەشێکی خۆشتان بۆ خۆتان دروست کردووە.

**سەلاح محەمەد:** گوتیان بۆ ناچیتە ئێزگەی

بەغدا بەشی کوردی و لەوێ گۆرانی تۆمار بکەی؟ گوتم چۆن بچم؟ ئەوە بوو کوڕێکیان بۆ دۆزیمەوە ناوی جەلال، مەسیحی بوو، گوتی لەگەڵ من وەرە دەتبەمە ئێزگە.

**ڕامان:** ناوی باوکی نازانی؟

**سەلاح محەمەد:** نازانم ناوی باوکی چ بوو. گوتی وەرە کوڕێک لە ماڵی ئێمەیە، لە بەتاوین خانوومان بە کرێ داوەتێ، ناوی (جەلال میرزا کەریم)ـە، ئەوە نووسەریکی گەورە بوو.

**ڕامان:** بەڵێ، شاعیرێکی باش بوو.

**سەلاح محەمەد:** گوتی وەرە بە یەکترتان دەناسێنم، ئەو لە ئێزگەی بەغدا بەشی کوردی ئیش دەکات. گوتم هەزار جار دێم. پێنجشەممەیەک لەگەڵ ئەو پێکەوە چووینە بەغدا، منی بردە ماڵی خۆیان، کە چووینە ماڵیان خوشک و باوک و دایکی لەوێ بوون، جەلال میرزا کەریم لەناو ماڵی ئەوان کرێچی بوو، ئەوە بوو یەکترمان ناسی، گوتم من دەمەوێ بچمە ئێزگە. گوتی بەیانی من دەتبەم.

**ڕامان:** ئەوە ساڵی چەند بوو؟

**سەلاح محەمەد:** لە ساڵی ١٩٦٧ بوو، چووینە ئێزگە و عەریزەیەکی بۆ نووسیم کە بچمە بەشی کوردی، لەوێ بۆ تاقیکردنەوە - ئیختیبار بردمی، ئەوە من جلکی سەربازیم لەبەرە، لەگەڵ ئەو (جەلال میرزا کەریم)ـە چوومە ئەوێ، منی بە عەلی مەردان ناساند، سەرەتا من نەمزانی ئەوە هونەرمەند (عەلی مەردان)ـە، عەریزەکەمان نووسی و بە بەردەمی شوێنێکدا ڕۆیشتین، نووسرابوو «اذاعة القوات المسلحة»، ئاسایی دەڕۆیشتین، ئەفسەرێک لەوێ دانیشتبوو، کە بەبەر دەمیدا تێپەڕین گوتی «تعال تعال ابو خليل»، بە عەرەبی بانگی کردم، منیش چووم گوتم بەڵێ سەییدی. گوتی لێرە چ دەکەی؟ گوتم من هاتووم بۆ تاقیکردنەوە، ئەمڕۆ تاقیکردنەوەم هەیە، ئێستاش لەبیرمە ڕۆژەکە چوارشەممە بوو.

**ڕامان:** حەفتەی جارێک، لە ڕۆژانی چوار شەموان تاقیکردنەوە هەبوو.

**سەلاح محەمەد:** گوتی بەشی کوردی، یان عەرەبی؟ گوتم کوردی. لەگەڵم هات، گوتی وەرە، ڕاست منی بردە ژوورەوە، سێ چوارێک لە پێشەوە ڕاوەستابوون، تۆرەیان گرتبوو، تۆرەبڕی بۆ کردم، منی بردە ژوورەوە، گوتی ئەوە ئەبوو خەلیلە و دەبێ زوو تاقیکردنەوەی بۆ بکەن، ئەمەی بە عەرەبی پێ گوتن. ئەوەی دانیشتبوو گوتی باشە با بێ.

**ڕامان:** ئەوەی بە عەلی مەردان و ئەوانی دی گوت؟

**سەلاح محەمەد:** من جارێ نەمدەزانی ئەوانە کێن، بەڵام سێ چوارێک دانیشتبوون.

**ڕامان:** کەسیانت لێ نەناسین و نەتزانی ئەوانە کێ بوون؟

**سەلاح محەمەد:** ناوەڵڵا، ئەوجا با بۆت بگێڕمەوە، گوتیان چ گۆرانییەک دەڵێی؟ گوتم من هەموو گۆرانییەک دەڵێم. گوتیان دە هەندێک گۆرانیمان بۆ بڵێ. ئێستاش لەبیرمە (شیرین بەهارە) و دوایی (هەی نار هەی نار)م گوت، ئەوانەی تاهیر تۆفیق، بەڵام ئەودەمە دەنگم زۆر باش بوو، کە گۆرانیم گوت، گوتیان تۆ لەو چینە دەنگە بەرزە گۆرانی دەڵێی؟ گوتم بەڵێ، یەکسەر یەکێکیان عودەکەی دەرهێنا.

**ڕامان:** ئەوەی عودەکەی دەرهێنا کێ بوو؟

**سەلاح محەمەد:** نازانم کێ بوو، عودەکەی دەرهێنا گوتی لەو چینە دەنگە گۆرانی بڵێ. گوتم من لەو چینە دەنگەدا ناڕەحەتم، دەی لەو چینە دەنگە ئەوە بڵێ، تاقیکردنەوە - ئیختبارەکەیان لە مەقام و بەستە کردم، دیار

بوو هەمـوو قسـەیان کـرد، یەکێکیـان گوتـی ڕۆڵـە ئێستا تـۆ لـەو تاقیکردنەوەیـە دەرچـووی، ئـەوەی بـە کـوردی پـێ گوتـم.

**ڕامـان:** دوای تاقیکردنەوەکـە، پێیـان نەگوتـی بـڕۆ شـیعر و ئـاواز بێنـە؟

**سەڵاح محەمەد:** ئەوجا با ئەوەت بۆ بگێڕمەوە.

**ڕامان:** ئاخـر منیش ئـەو دەورانـەم دیوە، بۆیە دەپرسم.

**سـەڵاح محەمـەد:** گوتـم باشـە. گوتـی ئێسـتا تـۆ لـەو تاقیکردنەوەیـە سـەرکەوتی، ئـەوەی دەتـەوێ تۆمـاری بکـەی، بیهێنـە بـۆ ئێـرە. گوتـم بیهێنمـە ئێـرە بیدەمـە کـێ؟ گوتـی بیـدە مـن. گوتـم تـۆ کێـی؟ گوتـی مـن (عەلی مەردان)م. کـە وای گوت، چونکـە زۆر حـەزم لـە دەنگـی عەلـی مـەردان بـوو و مەقامەکانیـم دەگوتـەوە، زۆر خۆشـحاڵ بـووم، گوتـی بیهێنـە لای مـن. گوتـم باشـە بەسـەرچاو، ئێستا شـیعرەکەم پێیـە دەتوانـم بتدەمـێ؟ گوتـی بـۆ نـا؟ شـیعرەکەم دەرهێنـا و گوتـم فەرمـوو ئەوەتـا، شـیعرەکە بەنـاوی (وڵاتـی مـن شـیرینە) بـوو.

**ڕامان:** ئەوە شیعری کێ بوو؟

**سـەڵاح محەمـەد:** شـیعری کامیـل ژیـر بـوو، ئاوازەکـەی هـی (زاهیـر محەمـەد)ی بـرام بـوو.

**ڕامان:** ئەو ئاوازەی بەتایبەتی بۆ تۆ دانابوو؟

**سـەڵاح محەمەد:** نەخێـر، خـۆی ئـەو ئـاوازەی دەگـوت، بـەڵام منیـش لـە زۆر ئاهەنـگان دەمگوتـەوە. گوتـی کـوڕم ئـەو شـیعرەم بـدەرێ، دەبـێ دوایـی بـۆ سـەر زمانـی عەرەبـی بۆتـی وەربگێـڕم، گوتیشـی چوارشـەممەیەکی دیکـە وەرەوە، لێـرە پرۆڤـەی لەسـەر دەکەیـن و بۆشـت تۆمـار دەکەیـن. گوتـم باشـە.

**ڕامـان:** لـەوێ تیپـی تایبـەت بـە ئێزگـەی کـوردی هەبوو.

**سـەڵاح محەمـەد:** بەڵـێ، منیـش چوارشـەممە چوومـەوە.

**ڕامـان:** ئەندامانـی تیپەکـەی ئێزگـە، زۆربـەی هـەرە زۆریـان عـەرەب بـوون.

**سـەڵاح محەمـەد:** ئـەوە نازانـم، چوارشـەممە چـووم، لـە سـەعات (٣)وە لـە پرسـگەی ئێزگـە دانیشـتم، بـەڵام ئەوجـارە جلکـی سـەربازیم لەبـەر نەبـوو، کراسـێک و پانتۆڵێکـم لەبـەر کردبـوو، جـەلال میـرزا کەریـم هـات، پێـم گـوت چاوەڕێـی عەلـی مـەردان دەکـەم، گوتـی ئێسـتا دێ.

**ڕامـان:** حەفتەیەکـی پـێ چـوو، تـۆ هـەر لـە بەغـدا مابوویتـەوە؟

**سـەڵاح محەمـەد:** نـا، چوومـەوە سـەربازگە و جارێکـی دی هاتمـەوە.

**ڕامان:** کـە هاتییـەوە چـۆن پێوەندیـت بـە (جەلال میرزا کەریم)ـەوە کرد؟

**سـەڵاح محەمـەد:** ئـەو جارەیـان خـۆم یەکسـەر چوومـە ئێزگـە.

**ڕامـان:** لـە ئێزگـە (جـەلال میـرزا کەریـم)ت بینـی؟

**سـەڵاح محەمـەد:** ئـەو هـەر لـەوێ ئیشـی دەکرد، مـن زوو چـووم لـە پرسـگە دانیشـتم، هـات چـاک و چۆنـی لەگـەڵ کـردم، پێـم گـوت حـاڵ و مەسـەلە ئەوەیـە، ئـەوڕۆ مـن هاتـووم لـە ئێزگـە گۆرانـی تۆمـار بکـەم و شـیعرەکەم داوەتـە عەلـی مەردان تا کارەکانـم بـۆ جێبەجـێ بـکا. گوتـی دانیشـە ئێسـتا دێ، هێنـدەی پـێ نەچـوو دیـم م. عەلـی مـەردان سـەبر سـەبر دەهـات، بـەرەو پیـری چـووم و گوتـم مامۆسـتا چۆنـی، چاکـی؟ ئـەو منـی نەناسـییەوە، ئاخـر منـی بـە جلکـی سـەربازی دیبـوو. گوتـی تـۆ کێـی؟ گوتـم مـن حەفتـەی ڕابـوردوو هاتـم شـیعرەکەم دایتـێ گوتـت حەفتەیەکـی دی وەرەوە گۆرانیـت بـۆ تۆمـار دەکەیـن. گوتـی کام شـیعر؟

گوتم شیعری (وڵاتی من شیرین)ـە. گوتی بەبیرم هاتەوە، ڕۆڵە ئەم شیعرە بگۆڕە. گوتم بۆچی بیگۆڕم؟ ئەو گوتی بیگۆڕە و ڕۆیی، نەختێک ڕۆیشت دوای کەوتم و گوتم مامۆستا تۆ ڕاوەستە، بۆچی شیعرەکە بگۆڕم؟ ئاوڕێکی لێ دامەوە و گوتی ڕۆڵە ئێمە وڵاتمان نییە، ئەم شیعرە بگۆڕە. باوەڕ بکە وامزانی یەک خەنجەرم لێ درا.

**ڕامان:** قسەیەکی وا کاریگەر کزە لە جەرگی ئینسانەوە دێت.. وا دیارە شیعرەکەیان قبووڵ نەکردووە؟

**سەلاح محەمەد:** ڕاست چووە ژوورەوە، ئەویش زۆر غەمبار دیار بوو. ئەی خوایە چی بکەم؟ دیسان چوومە ژوورەوە، کاغەزێکیان دابوومێ کە پێی بچمە ژوورەوە، چوومەوە لای جەلال میرزا کەریم. گوتی ها چی بوو؟ گوتم زۆر سەیرە، م. عەلی مەردان ئاوا وەڵامی دامەوە. گوتی شیعرەکە بۆ سەر زمانی عەرەبی وەردەگێڕم، دیارە ڕەزامەندییان لەسەر شیعرەکە نەداوە، بۆیە بیگۆڕە. گوتم چۆن بیگۆڕم، خۆ من شاعیر نیم، ئەو شیعرە ئاوازی بۆ دانراوە، سەربازیی بۆ خۆی زۆر ناخۆشە، ئەوەشی هاتە سەر، بە دڵێکی سارد و نائومێد ڕۆیشتم.

**ڕامان:** جەلال میرزا کەریم کە خۆی شاعیر بوو، هیچ تەگبیر و چارەسەرێکی بۆ پێشنیار نەکردی؟ هیچ ڕێگایەکی بۆ دانەنای؟

**سەلاح محەمەد:** گوتی ئەم شەو مەچۆرەوە، لەلای من میوان بە، با بزانین تەگبیرێکی لێ ناکەین. منیش مۆڵەتم وەرگرتبوو، شەو ڕۆیشتمە لایان، دوای ئەوەی گوتی ماڵمان دەزانی؟ گوتم بەڵێ. گوتی شەو وەرەوە لای ئێمە، ئێمە دوو سێ هاوڕێین بۆ خۆمان دادەنیشین، منیش گەنج بووم دەمخواردەوە، جەلال، کوڕە مەسیحییەکە کە برادەرم بوو، چوومە ماڵی ئەوان کە هەر لە بەتاوین بوون، بۆ شەوەکەی کە لە دەوام تەواو بوو، هاتەوە و لەگەڵ ئەوانی دیکە شەوێ لە ژوورەکەی دانیشتین، خواردنەوە و مەزەیان هێنابوو، ئەوانەی دانیشتبووین، جەلال کۆچەر، جەلال میرزا کەریم، سەرچڵ شامل و من بووین.

**ڕامان:** ئەو کات جەلال کۆچەریش لە ئێزگە بوو؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، ئەو چوار پێنج کەسە لەسەر مێزێک دانیشتبووین گۆرانیمان دەگوت، جەلال کۆچەر گۆرانیبێژ بوو، جەلال میرزا کەریم نووسەر بوو، (سەرچڵ شامل)ـەکەش هەر گۆرانیبێژ بوو، وابزانم لە ئێزگە بەرنامەی هەبوو، شەو کە دانیشتین دەستم بە گۆرانیگوتن کرد.

**ڕامان:** لە ماڵی کێ دانیشتن، جەلال میرزا کەریم، یان (جەلال)ـە مەسیحییەکە؟

**سەلاح محەمەد:** لە ماڵی جەلال میرزا کەریم، لە ژوورەکەی ئەو دانیشتین، (جەلال)ـەکەی دیش کە مەسیحی بوو، ئەویش هەندێک هات لەلامان دانیشت، بەڵام ئەو زوو ڕۆیشت و چووەوە لای دایک و باوکی، خواردنەوە و گۆرانی دەستی پێکرد.

**ڕامان:** کێ پێوەندی بە سەرچڵ شامل و جەلال کۆچەرەوە کرد؟

**سەلاح محەمەد:** هەمووی جەلال میرزا کەریم بوو.

**ڕامان:** ئەو میوانداری هەمووتانی کرد؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، شەو دانیشتنێکی خۆشمان ساز کرد، هەموویان حەزیان لە دەنگی من بوو، هەر لەوێ پێیان گوتم، بە تایبەتی جەلال کۆچەر گوتی تۆ مسۆگەر وەرگیراوی. پێم گوت من لە تاقیکردنەوە دەرچووم. گوتی

ئێستا چی بووە؟ گوتم تەنیا مەسەلەکەی من شیعرەکەیە. گوتی تۆ هەرچییەک پێشکەشی ئەوان بکەی دڵنیابە وەردەگیرێی. بۆ بەیانییەکەی کە هەر لە لای جەلال میرزا کەریم بووم، زوو سواری ئۆتۆمبێل بووم چوومە سەربازگەی حەبانییە، خەریکی سەربازی و حەبانییە بووم، بۆخۆت دەزانی سەربازی چۆنە، نەچوومەوە ئێزگە.

**ڕامان:** ئیتر لەوێوە پێوەندیت بە ئێزگەوە پچڕا؟

**سەلاح محەمەد:** لەوێوە پێوەندیم بە ئێزگەوە نەما، هێندەی پێ نەچوو، لە ساڵی ١٩٦٨ هاتمەوە کۆیە.

**ڕامان:** ئەی جارێکی دی جەلال کۆچەری هونەرمەندت نەبینییەوە؟

**سەلاح محەمەد:** جارێکی دی جەلال کۆچەرم لە ئاهەنگێکی نەورۆزدا بینییەوە.

**ڕامان:** لە کوێ بینیتەوە، لە چ شارێک بوو؟

**سەلاح محەمەد:** هەر لە بەغدا، لە یانەی سەلاحەددین، کە یانەیەکی تایبەت بە کوردانە، ئەوکاتی من سەربازی یەدەگ بووم. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ بینیمەوە، هێشتا شەڕی ئێران و عێراق دەستی پێ نەکردبوو، من سەربازی یەدەگ بووم.

**ڕامان:** لەو یانەیەدا بەبۆنەی چییەوە یەکترتان بینییەوە؟

**سەلاح محەمەد:** من بۆ ئاهەنگی جەژنی نەورۆز لەگەڵ شەوکەت ڕەشید چووبووم، جەلال کۆچەر و ئەوانیش تیپی ئێزگە بوون، بە جیا هاتبوون، جەلال کۆچەر سروودی (ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە)ی گوت، بە داخەوە ئەو سروودەی بە نەشازێکی زۆر زۆرەوە گوت، کە لێ بووەوە خەڵکەکە چەپڵەشی بۆ لێ نەدا، ئیتر ئێمە نۆرەمان هات، هەر من و شەوکەت ڕەشید بووین، پێی گوتم بتبینم ها، چونکە کاتی خۆی زۆر پرۆڤەمان لەسەر ئەم ڕۆژی نەورۆزە کردبوو، منیش زۆر بە باشی دەمگوت.

**ڕامان:** لەگەڵ هونەرمەند شەوکەت ڕەشید چۆن یەکترتان گرتەوە؟

**سەلاح محەمەد:** لەگەڵ شەوکەت ڕەشید، لە (تیپی باواجی)یەوە یەکترمان دەناسی.

**ڕامان:** ئاخر لەو دوا دواییەدا لە تیپی مۆسیقای سەربازی کاری دەکرد.

**سەلاح محەمەد:** ئێمە لە بەغدا لە هۆتێل عەبدوڵڵا یەکترمان گرتەوە، گوتی کوڕە بەقوربانت بم، ئێمە ئەو ئاهەنگەمان هەیە، نابێ بڕۆی، ئەم شەوە دەچینە ئەوێ.

**ڕامان:** بە ڕێکەوت لەو هۆتێلەدا یەکترتان بینی؟

**سەلاح محەمەد:** بە ڕێکەوت یەکترمان بینی، گوتی دەچینە ئەوێ، من دایم جلی کوردیم پێ بووە، ڕانکوچۆغەکەم لەبەر کرد و لەگەڵ شەوکەت ڕەشید چووینە ئەو ئاهەنگە، هەر لەوێ پێی گوتم چ گۆرانییەک دەڵێی؟ گوتم گۆرانییەکانی تۆ دەڵێمەوە، هەندێک گۆرانی هەبوون، هەی شیرین شیرین، گۆرانی شایی بوون، گوتی دوو سێیەک کە ئیقاعی خێران لێ دەدەین، بەڵام دەبێ ئەو سروودە هەر بڵێی.

**ڕامان:** کامە سروودی مەبەست بووە؟

**سەلاح محەمەد:** سروودی ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە.

**ڕامان:** دیارە ئەویش ئەوەی جەلال کۆچەری بەدڵ نەبووە؟

**سەلاح محەمەد:** کە لە گوتنی سروودەکە بووەوە چەپڵیان بۆ لێ نەدا، ئێمە یەکسەر دەستمان بەو سروودی ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە کرد، باوەڕ بکە کە ئەوەم گوت، خەڵکەکە هەمووی هەستابوونە

سـەر پـێ، مـن مایکرۆفۆنـم پـێ بـوو، ئافرەتێـک هاتبـوو، هـەر مایکرۆفۆنەکـە بەینمـان بـوو، هەنـدە لێـم نزیـک بـووەوە، وەک کۆرسـیش سـروودەکەی لەگەڵـم دەگێڕایـەوە، یـەک بەخـۆی هـاواری دەکـرد و چەپڵـەی بـۆ لـێ دەدام.

**ڕامان:** دیارە خەڵکێکی زۆر هاتبوون؟

**سەلاح محەمـەد:** خەڵکێکی زۆر، هەمووشیان کورد بوون.

**ڕامـان:** هەمـووی کوردی بەغـدا بـوون، یـان هـی شارەکانی دیکـەش هاتبـوون؟

**سـەلاح محەمـەد:** هەمـووی کـوردی بەغـدا بـوون، عەرەبیشـی لـێ بـوو.

**ڕامان:** ئەوە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ بوو؟

**سەلاح محەمـەد:** ساڵی ١٩٨٠ بـوو، پێش ئـەوەی شـەڕی ئێـران و عێـراق دەسـت پـێ بـکات.

**ڕامـان:** ئـەو تیپـەی مۆسـیقای بـۆ لـێ دەدای گوتـت تیپەکـەی شـەوکەت ڕەشـید بـوو؟

**سـەلاح محەمــەد:** بەڵــێ، تیپەکــەی شــەوکەت ڕەشـید بـوو.

**ڕامان:** ئەندامانی تیپە سەربازییەکەی هێنابوو؟

**سـەلاح محەمـەد:** نـا، تیپێکـی خـۆی هەبـوو، زۆربەیـان کەرکووکـی بـوون، بۆخۆشـی کلارنێتـی لـێ دەدا.

**ڕامان:** ئەندامانی ئەو تیپە کورد بوون؟

**سەلاح محەمەد:** هەموویان کورد بوون.

**ڕامان:** ناویان نازانی، کێ و کێ بوون؟

**سـەلاح محەمـەد:** یەکێکـی لەگـەڵ بـوو نـاوی قەمبـەر بـوو، کەمانچـەژەن بـوو، زۆریـش لـە ناوەکـەی دڵنیـا نیـم.

**ڕامـان:** ئەگـەر دوایـی بەبیـرت هاتـەوە خـراپ نییـە ناویانـم پـێ بڵێـی.

**سـەلاح محەمـەد:** ناوەکانیانـم بـە بیـر بێتـەوە پێـت دەڵێـم.

**ڕامـان:** بێجگـە لـەو گۆرانیـی نـەورۆزە، چەنـد گۆرانـی دیکـەت گـوت؟

**سـەلاح محەمـەد:** ئێمـە کـە وەک تیپـی شـەوکەت ڕەشـید دەسـتمان پێ کرد، یەکسـەر ئەو سروودی نەورۆزەمـان گـوت، خەڵکەکـە لەگەڵـی خرۆشـان، دوایـی شـەوکەت ڕەشـیدیش گۆرانییەکـی نـەورۆزی گـوت، سـروودەکە هـی خالیـد دلێـر بـوو، (هـەر سـاڵە نـەورۆز بێتـەوە)ی گـوت، ئیتـر کردمانـە گۆرانیـی شـایی و هەڵپەڕکێ.

**ڕامـان:** بێجگـە لـە شـەوکەت ڕەشـید و جـەلال کۆچـەر و تۆ، چەنـد کەسـی دی گۆرانییـان گوت؟

**سـەلاح محەمـەد:** مـن بـووم، شـەوکەت ڕەشـید بـوو، کوڕێکیشـی لەگـەڵ بـوو، گۆرانیبێژێـک بـوو، ناویـم نەدەزانـی، بـە هەورامـی گۆرانیـی شـایی دەگـوت، زۆر خۆشـی دەگـوت، ئەویـش بـوو، کاتەکـەش دیـاری کـراو بـوو، نەدەبووایـە لـە نیـو سـەعات زیاتـر بـێ.

**ڕامان:** هەریەکەی چەند گۆرانی بەبەر کەوت؟

**سـەلاح محەمـەد:** تیپەکـە هەمـووی نیـو سـەعات گۆرانـی بـۆ دانرابـوو، چونکـە تیپـی سـلێمانی، تیپـی هونـەری هەولێـر، تیپـی ئێزگـەی کـوردی، تیپـی شـەوکەت ڕەشـید، تیپێکـی بادینانیشـی لـێ بـوون، زۆر بوویـن، حەمـە جـەزا لەگـەڵ تیپـی هونـەری هەولێـر هاتبـوو، ئاهەنگەکـەی گەرموگوڕتـر کـرد.

**ڕامـان:** یانەکـە خولقـی هەمـوو ئـەو تیپانـەی کردبـوو؟

**سـەلاح محەمـەد:** نازانـم ئەوانـە چۆن بانگهێشت کرابـوون، بـەڵام دەزانـم ئێمە بانگهێشـت کرابووین، ئیتـر کـە لـێ بووینـەوە، مـن چـووم لـە جێـی خـۆم دانیشـتمەوە، لـە پـڕ کوڕێـک هاتـە لام نـاوی سـەڵاح بـوو، پێکـەوە سـەربازی یـەدەگ و لـە دایکبـووی یـەک ساڵیش بوویـن.

**ڕامان:** سەلاح خەڵکی کوێ بوو؟

**سـەلاح محەمـەد:** سـەلاح سـلێمانی بـوو، لـە بەغـدا زێڕینگـەری دەکـرد.

**ڕامان:** دیارە زۆر هاوڕێت بووە؟

**سـەلاح محەمـەد:** بەڵـێ، هـات گوتـی چۆنـی، چاکـی! هەسـتە وەرە لای ئێمـە، ئێمـە لـە نەهـرەوان پێکـەوە سـەربازی یـەدەگ بوویـن، کـە چـووم دەبینـم یاریـدەدەری ئامیرەکەمـان لـەوێ دانیشـتووە و ئـەو کـوڕە میوانـداری کردبـوو، پـاش چۆنـی و چاکـی، کـە دانیشـتم گوتـی تـۆ ئـاوا گۆرانـی دەڵێـی و ئـاوا هونەرمەنـدی؟ ئیـدی یاریـدەدەری ئامیرەکەمـان زۆر هانـی دام. گوتـی ئـەی چـۆن هاتـی؟ گوتـم دوو ڕۆژ مۆڵەتیـان داومەتـێ، ئێسـتا مـن دەبـێ بچمـەوە، بـەڵام پێڕاناگـەم، مەگـەر نەچمـەوە. گوتـی کـوا مۆڵەتەکـەت بێنـە، لێـی وەرگرتـم و لـە پشـتی نووسـی «مساعدة لمدة اربعة ایام- بـۆ مـاوەی چـوار ڕۆژ هـاوکاری بکـرێ››، ئـەوە لـە هەمـووی باشـتر بـوو، چـوار ڕۆژیشـم لـەوی وەرگـرت.

**ڕامان:** ئەوە لێرە هونەر بەکەڵکت هات.

**سـەلاح محەمـەد:** چـوار ڕۆژ مۆڵەتـی یارمەتیـدان زۆر بـوو، گوتـی بـڕۆ ئـەو چـوار ڕۆژە مەیـەرەوە، پاشـی ئـەوەش جومعـە و پێنـج شەممەشـی بەسـەردا هـات، ئـەو چەنـد ڕۆژە بـۆ مـن زۆر چاک بـوو، ئـەوەش بەهـۆی هاوڕێیەتـی ئـەو کـوڕەوە بـوو کـە ئەویـش هـەر نـاوی سـەلاح بـوو.

**ڕامان:** نازانی باوکی ناوی چ بوو؟

**سـەلاح محەمـەد:** نازانـم باوکـی نـاوی چ بـوو، بـەڵام نـاوی سـەلاح زێڕینگـەر بـوو، لـە بەغـدا دووکانـی هەبـوو، خەڵکـی سـلێمانی بـوو، ئەوجا ئێمـە تـا نزیکـی بەیانـی لـەوێ ماینـەوە.

**ڕامـان:** کـە لەگـەڵ یاریـدەدەری ئامیرەکەشـت دانیشـتی، گۆرانیـت گـوت؟

**سـەلاح محەمـەد:** نـا، مـن کـە لـەوێ لەلایـان دانیشـتم، لەسـەر شانۆ بـەردەوام گۆرانـی دەگوتـرا، خەڵک هەڵدەسـتان و شـایی بوو، شـایی ڕەشبەڵەک بـوو، خـوا بۆخـۆی بزانـێ چ شـاییەک بـوو.

**ڕامـان:** ئـەی لـەو نیـو سـەعاتەی بـۆ ئێـوە دانرابـوو گۆرانـی بڵێـن، تـۆ لـەو کاتـە چەنـدت بەبـەر کـەوت؟

**سـەلاح محەمـەد:** مـن سـروودی (نەورۆزەکـەم) گـوت، شـەوکەت ڕەشـیدیش گۆرانـی گـوت، دوای ئـەو، مـن سـێ گۆرانـی تـرم گـوت، (ئـای شـیرین شـیرین، شـیرین شـەمامە، ڕۆژێـک نەیبینـم خـەو لێم حەرامـە)، (ئـای بەنـاز دێ بەنـاز دێ، دیسـان ئـەو گوڵـە بەنـاز دێ)، ئـەوەش هەر ڕیتمـی خێرایە، خەڵکیـش لەسـەر ئیقاعەکـەی شـاییان دەکـرد، گۆرانییەکـی دیکـەش بـوو بـە نـاوی (کەویـار).

**ڕامـان:** کـێ ئـەو گۆرانییانـەی بـۆت ئامـادە کردبـوو؟

**سـەلاح محەمـەد:** کاتـی خـۆی ئێمـە لـە کۆیـە ئامادەمـان کردبـوون، چونکـە شـەوکەت ڕەشـید بـەردەوام لەگەڵمان بوو، خۆشـی هەمـوو گۆرانییەکانی لەبـەر بـوو، ئەوانـەی لەگەڵیشـی بـوون، هـەر یەکسـەر کەوتنـە ژەنیـن و بەسـەر ئاوازەکانیانـدا زاڵ بـوون، شـەوکەت ڕەشـید بـە کلارنێت لەگەڵیـان بەشدار بوو.

**ڕامان:** هـەر ئـەو جارە لەگەڵ شـەوکەت ڕەشـید و تیپەکـەی گۆرانیت گوت؟

**سـەلاح محەمـەد:** بەڵـێ، ئـەو جـارە لـە بەغـدا، لـەو ئاهەنگـەدا بەشـداریمان کـرد.

**ڕامـان:** ئیـدی لـە هیـچ بۆنەیەکـی دیکـە لەگەڵـی نەبووی؟

**سـەلاح محەمەد:** نەخێر، بەڵام شـەوکەت ڕەشـید بـەردەوام دەهاتـە کۆیـە، لـە کۆیـە دانیشـتنمان زۆر بـووە.

**ڕامان:** ئەی وەکوو چالاکیی هونەری؟

**سەلاح محەمەد:** هەر ئەو جارە بوو.

**ڕامان:** لەگـەڵ جـەلال کۆچەریـش هــەر ئـەو جـارە بـوو؟

**سـەلاح محەمـەد:** بەڵـێ، لەگـەڵ ئەویـش تەنیا ئەوجـارە بـوو.

**ڕامـان:** ئـەی هەوڵێکـی دیکـەت نـەدا جارێکـی دی بەختـی خـۆت تاقـی بکەیتـەوە و سـەردانی ئێزگـەی کـوردی بکەیتـەوە؟

**سەلاح محەمـەد:** بـە تەنیـا نەچوومـەوە ئێزگـەی کوردی تـا لەگـەڵ تیپـی باواجـی چووینـەوە.

**ڕامـان:** ئێسـتا دێینـە سـەر قۆناغـی کارکردنـت لەگـەڵ تیپـی مۆسـیقای باواجـی، جـارێ دەمـەوێ بزانـم هیـچ قسـەیەکت لـە بـارەی قۆناغـی خوێندنی سـەرەتایی، یـان ناوەنـدی مـاوە؟

**سەلاح محەمەد:** لـە قۆناغی سـەرەتایی مامۆسـتایەکی گرنگـم لەبیـر چـوو باسـی بکـەم، لـە پۆلـی چـواری سـەرەتایی مامۆسـتایەکی نوێمـان بـۆ هـات، ناوەڕاسـتی سـاڵانی پەنجاکانـی سـەدەی ڕابـوردوو بـوو، ئـەو مامۆسـتایە (ئەشـیا و سحە)ی پێمان دەگوت، کەسێکی قەڵـەوی کورتـە بـاڵا و قسـە خـۆش و نەرمونیـان بـوو، زۆر ئامـۆژگاری باشـی دەکردیـن، شـانۆ و چیرۆکـی فێـر دەکریـن.

**ڕامـان:** ئـەو مامۆسـتایە کـێ بـوو، وا گرنـگ بـووە و تـۆش لەبیـرت چووبـوو باسـی بکـەی؟

**سـەلاح محەمــەد:** ئـەو مامۆسـتا ڕوح سـووک و قسـە خۆشـە، م. زەکـی ئەحمــەد هەنـاری بـوو، مامۆسـتایەکی کوردپـەروەر و داهێـن و لێهاتـوو بـوو.

**ڕامـان:** داهێنانەکانـی چـی بـوون، دەتوانـی نەختێـک لێیـان بدوێـی؟

**سەلاح محەمەد:** لەسـەر وشـەی کوردی ڕاهێنانی پـێ دەکردیـن، زۆرجـار وشـەی (سـڵاو)ی لەبـری (سـلام علیـک) بەکاردەهێنـا، ڕۆژانـە کـە دەهاتـە پۆلـەوە دەیگـوت سـڵاو، ئێمەشـی فێـر کردبـوو بڵێیــن سـڵاوی بۆنـدار، یـان سـڵاوێکی گـەرم، هەروەهـا یەکێـک لـە داهێنانەکانـی بەکارهێنانـی وشـەی سـوپاس بـوو، کـە تـا ئەوکاتـە ئێمـە ئـەو وشـەیەمان نەبیسـتبوو، خەڵکـی هـەر وشـەی تەشـەکوریان بـەکار دەهێنـا.

**ڕامـان:** ئـەو مامۆسـتایە لەگەڵتـان توند نەبـوو، مـن بیسـتوومە مامۆسـتایەکی توند بـووە؟

**سـەلاح محەمـەد:** جـار بەجـار ئەگـەر تووڕەبوایـە لێـی دەداین، گەردنـی ئـازاد بـێ.

**ڕامـان:** دیـارە ئـەو مامۆسـتایە زۆر غەمـی زمانـی کـوردی بـووە و ویسـتوویەتی زمانەکەمـان لـە وشـەی بێگانـە بـژار و پـاک بکاتـەوە؟

**سـەلاح محەمــەد:** تـا ئـەوکات ئێمـە هیچمـان وشـەی (سـوپاس)مان نەبیسـتبوو، هـەر دەمانگـوت تەشـەکورت دەکـەم، بـەڵام ئـەو، ڕۆژانـە دوو قوتابـی بەرانبـەری یـەک ڕادەگـرت، کتێبێکـی دەدایـە دەسـت یەکێکیـان و پێـی دەگـوت بیدە بە هاوڕێکەت، ئەویش لێـی وەردەگـرت، پێـی دەگـوت بڵـێ (سـوپاس). قوتابییەکـەی بەرانبەریشـی کـە کتێبەکـەی داوەتـە دەسـتی پێـی دەگـوت بڵـێ (مەیکـە بـاس)، ئیتـر سـوپاس، مەیکـە بـاس بووبـووە بەرنامـەی ڕۆژانەمان کـە زۆر پێـی دووبـارە دەکردینـەوە، بـەم جـۆرە لـە کۆیـە سـوپاس شـوێنی تەشـەکوری گرتـەوە، بـەڵام نازانـم چـۆن لەجیاتـی مەیکـە بـاس، شـایانی نییـە جێگـەی گرتـەوە؟

**ڕامـان:** لـە کـوردەواری جـۆرە تەرازوویـەک هەیـە پێـی دەڵێـن تـەرازووی شـایان، کـە بـە شـوڵک دەیچنـن، جـاران زوو لەجیاتـی بەکارهێنانـی دراو، گوێـز و مێـوژ و نیسـک و نـۆک و مـاش و ئـەو جـۆرە خواردنـە وشـکانەیان بـە کەلوپـەل و پێداویسـتی ڕۆژانـەی دی دەگۆڕییـەوە، بـەو تـەرازووە بەرانبـەر یـەک کێشـاویانە، بۆیـە شـایانی نییـە، بـە واتـای بەرانبـەری نییـە، بـەو شـێوەیە

شایانی، نەک شایەنی، شوێنی خۆی لە زمانی کوردیدا کردووەتەوە.

**سەلاح محەمەد:** بۆ قۆناغی ناوەندی هیچ قسەیەکم نەما، چونکە لە ساڵانی ١٩٦٢، ١٩٦٣، دۆخێکی تا بڵێی نالەبار و ناخۆش لە کۆیە هاتە پێشەوە.

**رامان:** کە لە پۆلی سێی ناوەندی وەستای و بەهۆی بارودۆخی سیاسیی کوردستان و شاری کۆیە خوێندنت تەواو نەکرد و لە خوێندن دابڕای، جارێکی دی هەوڵت نەدا تێهەڵچیتەوە و بخوێنی؟

**سەلاح محەمەد:** نا، نەمخوێندەوە، بە یەکجاری وازم هێنا و چوومە سەربازی، دوایی پێشمەرگایەتیم کرد.

**رامان:** تۆ بۆخۆت هەوڵت دا وەکوو توانایی و بەهرەی خۆت، خەریکی خوێندنەوە بیت، یان فێری گۆرانی و مەقامات بی، کێ فێری مەقاماتی کردی؟

**سەلاح محەمەد:** با ئەوە لەبیر نەکەم و بڵێم من زۆر سوودم لە سێوە وەرگرت.

**رامان:** دیارە زۆر لەو هونەرمەندەوە نزیک بووی، بۆیە وا سوودت لێ وەرگرتووە؟

**سەلاح محەمەد:** ئەو ماوەیەی باسمان کرد، لە ساڵی ١٩٥٨ تا دەوروبەری ١٩٦٢، لە تیپی باواجی زوو زوو یەکترمان دەدیت، لەگەڵ م. باکووری هاوینان پرۆڤەمان دەکرد، سێوەش بەردەوام دەهات و لەوێ مەقامەکانی دەگوت، کە مەقامەکانی دەگوت من هێندە لێی دەچوومە پێش گوێم لێ دەگرت، دەیانگوت ئەرێ دە بچۆرە دواوە، هێندە بە وەستایی دەیگوت من زۆر شەیدای دەنگی سێوە بووم، لەو کاتەوە حەزم لە دەنگی سێوە بوو و دەمویست مەقامەکانی بڵێمەوە.

**رامان:** هەموو مەقامەکانی بڵێیتەوە، یان دانەیەکیان؟

**سەلاح محەمەد:** هەموو مەقامەکان، بەڵام زۆرتر (ئەوەل سەحەرە)، چونکە لە ئاهەنگەکان (ئەوەل سەحەرە)ی دەگوت، منیش گوێم لێ دەگرت و لاساییم دەکردەوە. لە کۆیە عەلی سلێمان خەیات هەبوو، (وەستا عەلی خەیات)یان پێ دەگوت، ئێستا نەماوە، ئەویش سەر بە حزبی شیوعی بوو، ڕۆژێک لەوێ دانیشتبووین، سێوەش زۆر دەهاتە لای، منیش چووم دەفتەرێکی ٦٠ لاپەڕەییم برد، لەگەڵ عەلی خەیات مەرحەبامان هەبوو و دەیناسیم، گوتم من بۆ یەک شت هاتووم. گوتی ئا دەی بڵێ چییە؟ گوتم داوا لە خاڵە سێوە دەکەم مەقامی ئەوەل سەحەرەم بۆ بڵێ، منیش دەینووسمەوە.

**رامان:** کە بە مامە سێوەی گوت، وەڵامی ئەو چی بوو؟

**سەلاح محەمەد:** یەکسەر ڕووی کردە من و گوتی بۆ چیتە؟ گوتم هەندێکی لێ دەزانم و دەیڵێم، بەڵکەم بۆ خۆم لەبەری بکەم و بیڵێمەوە. گوتی کوڕە دە بڕۆ، تۆ چووزانی مەقام بڵێی، عەدمی دەکەی. مامە سێوە ڕێک وای پێ گوتم.

**رامان:** ئەوها بە ڕەقی وەڵامی دایتەوە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، منیش گوتم ئێ مامە سێوە فێر دەبم. وەستا عەلی خەیات ڕووی کردە سێوە و گوتی ماڵت بە قوڕ نەگیرێ، تۆ چۆن فێر بووی، ئەویش ئەوها فێر دەبێ، ئێ دە پێی بڵێ، ئەوە چییە. گوتی دە بنووسەوە. وەستا عەلی خەیات گوتی جارێ بڕۆ پێیان بڵێ سێ چامان بۆ بێنن، کە هاتمەوە لەسەر دوو کورسی دانیشتین، گوتی دە بنووسە دەی، ئەوەل سەحەرە، هەمووم بە دەسخەتی خۆم

لە دەفتەرە شەست پەڕییەکە نووسییەوە.

**ڕامان:** هەر ئەوەل سەحەر، یان مەقامەکانی دیکەشت نووسییەوە؟

**سەلاح محەمەد:** هەر تەنیا ئەوەیانم نووسییەوە، ئاخر کاتی زۆری دەویست. چایەکەمان خواردەوە، پێشتر لە سێوە دوو سێ جار گوێم لێ بووبوو، زاهیری حەمەدی کەریمی، چایخانەی هەبوو، هەموو جارێ دەچووم شریتەکەی سێوەی هەبوو، بەکرەکەی (ئەوەل سەحەرە)ی تێدا بوو، دەمگوت زەحمەت نەبێ ئەوەم بۆ لێ دە. دەیگوت وای تۆ چەند مەراقی ئەو سێوەیەتە. دەمگوت گەلێک خۆشە. دەیگوت ئەو شتانە مۆدێلی نەماوە نا. دەمگوت ماڵئاوەدان ئەوە هەر خۆشە و کۆن نابێ. لەبەر من لێی دەدا، زۆر گوێم لە سێوە دەگرت، وردە وردە هەموو شتەکانم وەرگرت، کە نووسینەکەشم هەبوو، دەفتەرەکەم دەردەهێنا، لەگەڵ گوتنەکەی دەمخوێندەوە، وردە وردە هەموویم لەبەر کرد.

**ڕامان:** بێجگە لەو چەند مەقامەی مام سێوە تۆماری کردوون، مەقامی دیکەی دەگوت کە تۆمار نەکرابێ؟

**سەلاح محەمەد:** لە ئاهەنگێک بووین، مامە سێوە گۆرانییەکی لەگەڵ تیپی باواجی گوت کە ئەوکاتە م. باکووری سەرپەرشتی دەکرد، گۆرانییەکە (فیدات بم تا کەی ئەم جەور و جەفایە، بە هیجران کوشتنی عاشق خەتایە)، ئەوە شیعری ئەختەرە، ئەوەی گوت، منیش ئەوەم لێ وەرگرت، یەک دوو جارم گوت، دواتر لەگەڵ م. وریا ئەحمەد تۆمارمان کردەوە.

**ڕامان:** وابزانم سێوە ئەو گۆرانییەی تۆمار نەکردووە؟

**سەلاح محەمەد:** سێوە لە ئاهەنگەکاندا ئەوەی دەگوت، حەمە گەمحان تەسجیلەکەی دادەنا، بۆ خۆی دەنگەکەی تۆمار کردبوو، نازانم ئەو شریتە بۆچی نەما؟

**ڕامان:** من کە بەردەوام لە کۆیە سەردانی چایخانەکەی (حەمە گەمحان)م دەکرد، بەردەوام شریتی گۆرانییەکانی (تاهیر تۆفیق)ی لەسەر بوو، دیار بوو ئەویش زۆر بە تاهیر تۆفیق سەرسام بوو.

**سەلاح محەمەد:** من لەو باوەڕەدام حەمە گەمحان ئەو گۆرانییەی سێوەی تۆمار کردبێ.

**ڕامان:** دەبێ حەمە گەمحان ئەرشیڤە دەوڵەمەندەکەی چی لێ هاتبێ، ئەگەر ماوە کەوتووەتە لای کێ؟

**سەلاح محەمەد:** نازانم.

**ڕامان:** ئەی دەبێ لە لای ئەمیر کەبابچی نەبێ؟

**سەلاح محەمەد:** باوەڕ ناکەم، نەیاندایە، وابزانم ئەوانە لەلای (حوسین ئەفەندی)ن.

**ڕامان:** حوسێن ئەفەندی کێیە؟

**سەلاح محەمەد:** ئامۆزای حەمە گەمحان بوو، جاربەجار لەسەر چایخانەکەی دادەنیشت، ئەویش شریتی لێ دەدا.

**ڕامان:** هەر ناوی حوسێن ئەفەندی بوو؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، حوسێن قادر.

**ڕامان:** حوسێن قادر، ئەوەی مامۆستا بوو، بەم دواییە لە هەولێر دەژیا.

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، مامۆستا بوو.

**ڕامان:** بە داخەوە لەمێژ نییە مرد، زۆر لێی نزیک بووم، ناو بەناو سەردانی دەکردین.

**سەلاح محەمەد:** شتەکانی حەمە گەمحان هەمووی لەلای ئەو بوون، نازانم ماون، یان نەماون، گۆرانی تۆمارکراوی زۆری هەبوو، گۆرانی تۆمارکراوی منیشی هەبوو، دەنگی زۆر کەسیان تۆمار کردبوو، ئیتر چۆن ون بوو، نەیانهێنایەوە سەر دنیا، ئەو کاسێتانەی حەمە

گەمحان دیار نەمان.

**ڕامان:** بێجگە لەو مەقامانەی سێوە کە تۆمار کراون، پێت وایە ئەوانەی تۆمار نەکراون چەند دانەن، چونکە یەک لە مەقام و گۆرانییەکانی سێوە کە لە ئێزگە تۆمار کراوە، دیار نییە.

**سەلاح محەمەد:** کراسی شەنگ مێرەمێ، تا ئێستا دیار نییە.

**ڕامان:** ئەو گۆرانییەش نەدۆزرایەوە؟

**سەلاح محەمەد:** ناوەڵلا.

**ڕامان:** م. کەریم شارەزا لە کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەدا، دەڵێ زۆری بۆ گەڕام دیار نییە.

**سەلاح محەمەد:** ئاماژەی پێ داوە، بەڵام کاسێتەکەی دیار نەبوو.

**ڕامان:** بە حوکمی ئەوەی زۆر لێت نزیک بوومە و لە زۆربەی دانیشتنەکان گوێم لێت گرتووە، وەک چاودێرێک دەڵێم ئێستا تۆ بە گەنجینەیەکی گۆرانی و مێلۆدییەکانی ناوچەی کۆیە دادەنرێی، یادەوەریشت زۆر باشە، هەموویت لەبیرە و لای خۆت پاراستووتن، ئەوانەی وەستا کەمالی زێڕینگەر، زۆریانت لەبەر کردووە و لەناو یادەوەریت ماون، ئەوانەی مەلا ئەحمەدە کۆر، ئێستاش کە باسمان مامە سێوەیە، وەک دیارە تۆ لە زۆر دانیشتن لەگەڵی بووی، لە هەڵسوکەوت و هونەری ئەو هونەرمەندەوە نزیک بووی، چەند گۆرانی هەیە تۆ بیزانی و هێشتا تۆمار نەکرابن؟

**سەلاح محەمەد:** ئەو گۆرانییەی سێوە کە لەو دواییەدا تۆمارمان کرد، (فیدات بم تا کەی ئەم جەور و جەفایە، بە هیجران کوشتنی عاشق خەتایە)، گوتمان شیعری ئەختەرە، بەڵام من لە زاری سێوەوە گوێم لێ بووە.

**ڕامان:** گۆرانی دیکەی هەیە لە خەیاڵتدا مابێ؟

**سەلاح محەمەد:** سێوە تەنیا مەقامەکانی دەگوت، ئەو گۆرانییانەی ئەو دەیگوتن، یەکێک لەوانە (لەبەر نازی چاوبازان)ی دەگوت.

**ڕامان:** ئەوە تۆمار کراوە؟

**سەلاح محەمەد:** نازانم تۆمار کراوە، یان نا، بەڵام زۆر جوان (لەبەر نازی چاوبازان)ی دەگوت.

**ڕامان:** ئەی ئەوانەی خۆیان، وەک کریستیانێک، گۆرانیی سریانی هەیە، مابێتەوە و تۆمار کرابێت؟

**سەلاح محەمەد:** بۆ خۆی لەناو کەنیسە زۆر تەراتیل و گۆرانی و ئەو جۆرە کارە هونەرییە ئایینیانەی هەبوو.

**ڕامان:** ئاخر هەر خۆشی وەک کریستیانێک، شەماس بووە.

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، شەماس بوو، لەناو کەنیسە دەیگوت، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو شیعر و ئاوازانەی چۆن گوتووە، چۆن بە کوردی لەبیری ماون.

**ڕامان:** منیش دەمەوێ ئەو پرسیارەت لێ بکەم، تۆ کە لێی نزیک بووی، قەت باسی ئەوەی نەکردووە لە کێ فێری ئەو مەقامانە بووە؟ ئاخر بەڕاستی شارەزابوون لە ئوسووڵی مەقامات ئیشی هەموو کەسێک نییە، ئەوجا ئەو لە کێ فێری ئەو مەقامانە بووە؟ مامۆستای ئەو کێیە؟ دەڵێن باوکیشی مەقامزان بووە.

**سەلاح محەمەد:** نەمپرسیوە و نازانم، بەڵام بەتایبەتی یەکێک ناوی حەنێل بووە، هەرچەندە من نەمدیوە.

**ڕامان:** ئەوە حەنێلە خرەی پێ دەڵێن.

**سەلاح محەمەد:** حەنێلە خرە، قەشە سوورە، نەشئەتی ڕەشیداغا، ئەوانە هەموویان دەنگخۆش و مەقامزان بوون.

**ڕامان:** هەموویان بە کوردی گۆرانی و مەقامیان

گوتووە؟

**سەلاح محەمەد:** بە کوردی گوتوویانە، ئیتر ئەویش لەوانەوە فێر بووە و ئەو شیعر و ئاوازانەی وەرگرتووە.

**ڕامان:** شیعری گۆرانییەکانی لە کێ وەردەگرت؟

**سەلاح محەمەد:** هەمووی لە زاری ئەوانەوە وەردەگرت، لە کتێبەکەی تاهیر حەوێزی دەڵێ جارێک حەنێل گوتوویە ئەو سێوەیە هەموو مەقامەکانی ئێمەی تێک داوە، بەخوا یان ئەوەتا دەیکەمە باشترین مەقامبێژ، یان ناهێڵم مەقامان بڵێ.

**ڕامان:** ئەوە بیروڕایەکی جوانە، زۆر گرنگە ئێمە بەبیری خەڵکی بێنینەوە.

**سەلاح محەمەد:** مامۆستاکانی ئەو، هەموو ئەوانە بوون.

**ڕامان:** تا ئێستا زۆر کەس گۆرانی و مەقامەکانی مامە سێوەی گوتووەتەوە، هەر لە (عەدنان جەمال)ـەوە تا زۆر کەسی دی، دەمەوێ بیروڕای تۆ بزانم، من بیروڕای تایبەتی خۆم هەیە، دەمەوێ وەک ڕۆژنامەنووس پرسیارت لێ بکەم، دوایی قسەی خۆم دەکەم و بیروڕای تایبەتی خۆم دەڵێم، ئێستا دەمەوێ بپرسم باشترین کەس کە زۆر لە دەنگی سێوە نزیک کەوتووەتەوە کێیە؟

**سەلاح محەمەد:** ئێستا کەسانی بەهرەمەند پەیدا بوون، کوڕێک پەیدا بووە ناوی مەلا شێروانە، کە نابینایە، بە باشی سێوە دەڵێتەوە.

**ڕامان:** بەڵێ، ئەوە گۆرانییەکانی هونەرمەند (تاهیر تۆفیق)یشی گوتووەتەوە.

**سەلاح محەمەد:** ئەویش دەیهێنێ، تا ڕادەیەک خۆشی دەڵێت و دەنگەکەشی قەبەیە، کەسێکی لێهاتووە، دەنگی لە هی سێوە دەچێت، ئەوە یەکێک لەوانەیە. ئێستا من لاسایی دەکەمەوە، بەڵام دەنگی من لە دەنگی سێوە دوورە، ئەوە نییە بڵێم دەنگم ئەوە بێ تا ڕادەیەک لێی نزیک ببمەوە، حەزم لە دەنگی بووە و زۆر لاساییم کردووەتەوە، بەڵام لە دەنگی ئەو نزیک نەبوومەتەوە.

**ڕامان:** بیروڕای من ئەوەیە تۆ لە هەموویان زیاتر لە شێوەی گوتن و لە ئەدا و دەنگی ئەو هونەرمەندەوە نزیکتری.

**سەلاح محەمەد:** ئەو دەمەی من لاساییم کردووەتەوە کەس تخوونی دەنگی سێوە نەدەکەوت، هەر نەیاندەزانی مەقامەکانیشی بڵێن، باوەڕ بکە من لە سەرەتای حەفتاکانەوە دەستم دایە و مەقامەکانی سێوەم دەگوتەوە و لەبەرم دەکردن، بەڵام وەک گوتم دەنگی من ئەو قوڕگە نییە بگاتە ئاستی دەنگی ئەو لە قەبەیی، چونکە دەنگی سێوە دەنگێکی قەبەی دەوێت، بەڵام زۆر حەزم لێی بوو.

**ڕامان:** کەواتە تۆ خۆت بە خەلیفەی مامە سێوە نازانیت؟

**سەلاح محەمەد:** ناتوانم خۆم بە جێگرەوەی سێوە بزانم، بەڵام زۆر شەیدای دەنگ و مەقامەکانی سێوە بووم و هەر چوار مەقامیشم لەبەر کردبوو.

**ڕامان:** ئەو لە چوار مەقام زیاتری هەیە.. تۆ لە خۆشەویستی و نزیکیت لە سێوەوە، بەشێکی مەقامەکانیت لەبەر کردووە، لە ژیانی هونەریتدا کەسی دی هەبووە ئاوها خۆشت ویستبێ و هەموو مەقام و گۆرانییەکانی بڵێیتەوە؟ لەوانە تاهیر تۆفیق، مەلا ئەسعەد و مەلا ئەحمەدە کۆر و زۆر کەسی دی، با سەرەتا نەختێک لەسەر مەلا ئەحمەدە کۆرە ڕابوەستین، چی لە بارەوە دەزانی بۆمانی باس بکە؟

**سەلاح محەمەد:** ناوی تەواوی (ئەحمەد حەسەن نەبی)یە، بە مەلا ئەحمەد مەولوودخوێن ناسراوە،ساڵی ١٩٣٤ لە گوندی سماقەی سەر بە دەڤەری

کۆیە هاتووەتە دنیاوە، هەر لە تەمەنی لاوییەوە هەستی بە دەنگخۆشیی خۆی کردووە، بۆیە شەیدای حەیران گوتن بووە.

**ڕامان:** بۆچی سەرەتا حەیرانی دەگوت، لە کوێ فێری حەیران گوتن بوویوو؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، سەرەتا حەیرانی دەگوت، بۆ فێربوون و گوتنی حەیران سوودی لە سمایلە سۆری بانیمارانی و ئەحمەد خدر سماقەیی وەرگرتووە.

**ڕامان:** بێجگە لە حەیران، حەزی لە بەستە گوتنیش هەبوو؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، بێجگە لە حەیران، ئارەزووی بەستە گوتنیشی هەبوو، هەروەها مەولوودی پێغەمبەر (د.خ) دەخوێند، هەمووی لەبەر بوو، زۆر وەستایانە مەولوودی دەخوێندەوە.

**ڕامان:** لەگەڵ شیعری شاعیرەکان چۆن بوو، شیعری کوردی لەبەر بوو؟

**سەلاح محەمەد:** زۆر شیعری شاعیرە گەورەکانی کوردی لەبەر بوو کە بە مەقام دەیگوتن.

**ڕامان:** ئەی لەگەڵ مەقام گوتن چۆن بوو؟

**سەلاح محەمەد:** شارەزایی باشی لە گوتنی مەقامدا هەبوو.

**ڕامان:** ئەو مەلا ئەحمەدە هەر بە زگماک نابینا بوو؟

**سەلاح محەمەد:** نەخێر، وەک خۆی بۆی گێڕامەتەوە، لە سەرەتاوە کە لە دایک بووە نابینا نەبووە، واتە نابینابیەکەی زگماک نەبووە، بەڵام بە منداڵی دەکەوێتە ناو ئاگردانی خۆڵەمێش، بەهۆی گەرمیی ئەو خۆڵەمێشەوە چاوەکانی لە دەست داون.

**ڕامان:** وەک بزانی کەی کۆچی دوایی کرد؟

**سەلاح محەمەد:** لە ساڵی ١٩٩١ لە شاری کۆیە کۆچی دوایی کرد، هەر لەوێش نێژراوە.

**ڕامان:** تۆ کەی ئاشنایەتیت لەگەڵی پەیدا کرد، ساڵی چەند ناسیت؟

**سەلاح محەمەد:** لە ناوەڕاستی شەستەکان بوو، ئێوارەیەک لە ماڵی برادەرێک بۆ نان خواردن بە بۆنەی ئاهەنگی لە دایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) بانگهێشت کرابووم، دوای نان خواردن ئاهەنگەکە دەستی پێکرد، مەلایەکی تۆزێ قەڵەوی کورتەباڵا، پاک و خاوێن و ڕیش تاشراو، بە دەنگێکی بەرز پەخشانە شیعری مەولوودەکەی دەخوێندەوە.

**ڕامان:** دیارە شارەزایی و دەنگخۆشییەکەی سەرنجی تۆی ڕاکێشاوە؟

**سەلاح محەمەد:** دەنگەکەی زۆر سەرسامی کردم، سرووده ئایینییەکانی بەدەم دەفژەنی و بە دەنگێکی خۆش و ئاوازی جوان دەچڕی، دوای تەواوبوونی هەر سروودێکی ئایینی یەکسەر دەچووە ناو مەقامێکی ڕەسەنی کوردییەوە و بە شیعری شاعیرە گەورەکانی کورد دەیخوێند، ئەوە زۆر سەرنجی ڕاکێشام.

**ڕامان:** کاتێکی زۆر لەو ئاهەنگی مەلوود خوێندنەدا مایتەوە؟

**سەلاح محەمەد:** ڕاستییەکەی کە بۆ ئەو ئاهەنگە چووم، نیازم وابوو لەدوای نان خواردن بگەڕێمەوە ماڵەوە، بەڵام ئەو مەولوودخوێنە وای لێکردم تا کۆتایی ئاهەنگەکە بمێنمەوە، تەنانەت وەک کۆرس لە ئاهەنگەکەدا بەشداریم کرد.

**ڕامان:** چۆن بڕیارت دا لەو ئاهەنگی مەولوود خوێندنەوەیەدا بەشدار بیت؟

**سەلاح محەمەد:** هەستم کرد مەلا ئەحمەد بە تەنیا ماندوو دەبوو، بۆیە لێی نزیک بوومەوە، ئەویش کە گوێی لە دەنگم بوو، داوای لێکردم بچمە تەنیشتییەوە تا زیاتر یارمەتی بدەم.

**ڕامان:** لێرەوە ناسیت و بوونە ئاشنای یەکتر؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ.

**ڕامان:** چەند سوودت لە مەلا ئەحمەدە کۆری وەرگرت؟

**سەلاح محەمەد:** زۆر سوودم لێ وەرگرتووە، ئەویش لە مەقامات زۆر شارەزا بوو، کەسێکی زۆر زیرەک بوو، بەتایبەتی مەقامەکانی ڕاست و سەبای دەگوتەوە، چونکە دەڵێن مەقامەکانی ڕاست و سەبا چییان لێ بکەی، دەبنەوە عەرەبی، بەڵام ئەو قسەیە وا نییە.

**ڕامان:** پێم خۆشە هەندێک زیاتر لەسەر ئەوە بیروڕای خۆت بڵێی و قسە بکەی.

**سەلاح محەمەد:** هەموو ئەو مەقامانەم گوێ لێ بووە کە ئەو گوتوونی، زۆر وەستایانە ئەو مەقامانەی دەگوتەوە، کە هیچ پێوەندییان بە مەقاماتی عەرەبییەوە نییە و ناچنەوە سەر مەقامی عەرەبی.

**ڕامان:** بەڵگەت بۆ ئەو قسەیەت چییە، زیاتر ئەمە ڕوون بکەیتەوە.

**سەلاح محەمەد:** بۆ نموونە کە دەڵێین مەقام، ئەوە پێش هەموو شتێک شێواز و شێوەی ئەدایە، ئەو مەقامەی دەگوت: «ئەی شاهی زەمان مەرحەمەتی خۆت بنوێنە»، ئەوە شیعری عەونی بوو، بە ئەدایەکی زۆر جوان دەیخوێند، هیچ پێوەندی بە مەقاماتی عەرەبییەوە نەبوو.

**ڕامان:** دەڵێن مەقامخوێندن پێوەندیی بە ڕوحیەتی هونەرمەندەکەوە هەیە، ڕوحیەتی هەر هونەرمەندێک جۆرێکە، بۆیە مۆرکی خۆی دەداتێ، مۆرکێک بەو مەقام و ئەدایە دەبەخشێ، دیارە مەبەستت لەوەی ناچێتەوە سەر عەرەبییەکە، هەر مەسەلەی ڕوحیەتەکەیە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، ڕوحیەتەکەی کوردییە، ڕوحیەتە کوردییەکەی تێدایە، مەلا ئەحمەد ڕوحیەتە کوردییەکەی دەدایە مەقامەکان، لە مەقامی سەباش هەروا بوو.

**ڕامان:** مەلا ئەحمەد چەند جۆرە مەقامی دەگوت؟

**سەلاح محەمەد:** زۆر جۆرە مەقامی دەگوت، هەموو جۆرەکانی دەگوت، زۆربەیان مەقامی ڕاست و سەبا و حیجاز و بەیات-ی دەگوت.

**ڕامان:** ئەی وەک بزانی ئەو لە کوێ فێری مەقامات بووبوو؟ کێ مامۆستای بوو؟ بەڕای من لەوانەیە بە گەنجی لەگەڵ حەنێلە خڕە و حاجی باقی حەللاق و نەشئەتی ڕەشیداغا و سێوە و مەلا ئەسعەد و ئەوانەی دی زۆر دانیشتنی لەگەڵیان هەبووبێ و شێوازی ئەدایەکەی لەوان وەرگرتبێ.. ئەی شیعرەکانی هی کێ بوون؟

**سەلاح محەمەد:** هەموو شیعرەکانی هی کەڵەشاعیرەکان بوون، زۆربەی شیعری حاجی قادری کۆیی، نالی، عەونی، کوردی، دەگوت لەوانە؛ ڕەفیقان من ئەوە ڕۆییم لە لاتان، ئەوە مەقامێک بوو قەت شتی وا جوان نەبوو، گوێی لێ ڕادەگری نازانی ئەوە ڕاستە، بەیاتە، چییە، ئەوەندە بە وەستایی دەیگوت.

**ڕامان:** لە بەستە گوتن چۆن بوو، ئەویشی بە باشی دەگوت؟

**سەلاح محەمەد:** بەستەکانی (حەسەن زیرەک)ی زۆر حەز لێ بوو، داوایان لێ دەکرد و پێیان دەگوت دا مەلا (قاسپە قاسپی کەو)یشمان بۆ بڵێ. دەیگوت باشە باشە. شیعرێکی دیکە هەبوو ئەوەش زۆر گرنگ بوو، ناوی خاڵە موختار بوو، ئەوەی بە بەیات دەگوت.